MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# سنووری خوارووی
# کوردســتانی باشـــوور

# سنووری خوارووی
# کوردستانی باشوور
## لەسەدەی نۆزدەهەمدا

د. سەعدی عوسمان هەروتی



دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

- سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لەسەدەی نۆزدەهەمدا
- نووسینی: د. سەعدی عوسمان هەروتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەری مێژووی نوێ

کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: ٤١٥
- نرخ: ١٠٠٠
- چاپی یەکەم: ٢٠٠٧
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٢٢٥)

**مافی چاپکردنی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێڕست


گوتەی بەرایی ........ ٧
پێشـــەکــی ........ ٩
دەروازە ........ ١٢
سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لەسەدەی نۆزدەهەمدا ........ ١٦
ناوچەی ژەنگارو رۆژئاواو باکوری موسڵ ........ ١٨
ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی موســـڵ ........ ٢٣
ڕۆژئاوای هەولێر و کەرکوك ........ ٣٠
چیای حەمرین و ناوچەکانی باکووری ........ ٣٤
مەندەلی و بەدرەو جەسان ........ ٤٢
تەوژمی کۆچکردنی هۆزە عارەبەکان بۆ کوردستان ........ ٤٣
دەرەنجام ........ ٥١
لیســـتی ســـەرچـاوەکـــان ........ ٥٣
Abstract ........ ٦٤
ملخص البحث باللغة العربية ........ ٦٥
پاشکۆکان ........ ٦٧




**بـــۆ ....**

**هەمـــوو ئەوانـــەی قوربانییان دا لەپێناو سنووری کوردســـــتان ...**
**و ئەوانەش کە ئامادەن بەماڵ وگیان تێبکۆشن بۆ ئاڵای کوردستان و**
**لەدەست نەدانی بســـــتێك لەخاکی کورد ...**

**پێشکەشە**

## گووتەی بەرایی

ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نووسەرە, کەلەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ئەنجام دراوە بۆ ئەوەی پێشکەشی (لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی تەعریب) بکرێت, بۆبەشداربوون لەو کۆنگرە زانستیە بەرفراوانەی کە لیژنەی ناوبراو بەنیازبوو لەوماوەیەدا بیبەستێت. هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ چەندین توێژینەوەی ترلەلایەن لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەکە پەسەند کرا بەڵام پێشهاتەکانی ساڵی ٢٠٠٣و ڕووخانی ڕژێمی بەعس وسەددام وایان لەبەرپرسان کرد کە ئەم کۆنگرەیە بەئەنجام نەگەیەنن , ئەگەرچی کۆنگرەکە بۆ ئەم بارودۆخە نوێیە پێویستتر و چارەنوسسازتر بوو. بۆیە من و چەند مامۆستایەکی تر بڕیارماندا توێژینەوەکانمان بەڕێگای تر بڵاو بکەینەوە ئەمەش دوای ئەوەی من لەووتارێکدا لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی بەرواری (١٢/١/٢٠٠٤) پێویستی بەستنی کۆنگرەکەم دووپاتکردەوە و مەسەلەی کێشانەوەی



توێژینەوەکانم ڕوونکردەوە, بەڵام کۆنگرەکە هەرنەبەسترا وناچار ئەم توێژینەوەیەم لە گۆڤاری (زانکۆ) ی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر ژمارە(٢٤) نیسانی ٢٠٠٥ بڵاوکردەوە.

بەڵام لەبەر بایەخی توێژینەوەکەو هەستیاری بابەتەکەی بەپێویستم زانی لەکتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوبکرێتەوە دوای ئەوەی چەندین زانیاری زیادەم خستە سەری بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینرێ وشوێنی شیاوی خۆی لەکتێبخانەی کوردی وەربگرێت.

د. سەعدی عوسمان

هەولێر - ٢٠٠٧

drsaadiharuty@yahoo.com

## پێشەکی

لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١، گۆڕانکارییە ئەتنۆگرافیە دەستکردەکان بەشێوەیەکی خێراترو بەرنامە ڕێژتر لەکوردستان پیادە کرا. سەرەتا بۆ گومان خستنە سەر ناوچەکانی تخووب و بەیەکگەیشتنی ئێتنی (الاتصال الاثني) لەگەڵ ڕەگەزی عارەب، ئەویش لەڕێگای سووك کردنی چڕی دانیشتوانی کورد لەو دەڤەرانەو ئەژمار نەکردنی هەندێ گروپ و تایەفەی کوردی لەگەڵ نەتەوەکەیان. دواتریش سڕینەوەی مۆرکی کوردایەتی لەناوچە ستراتیژی و گرنگەکانی کوردستان، کە لەناوەوەی ناوچە تخووبیەکانیش دابوون.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەدەیەوێ سنووری نەتەوەیی کوردستانی باشوور پێش ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکاریە ناوبراوانە بەدیار بخات. دیارە سەدەی نۆزدەهەمیش نزیکترین ماوەیە لەکات و دەمی ئەو گۆڕانکاریانەو بچووکترین هەنگاوە لەبواری گەڕانەوە بۆ مێژوو بەمەبەستی دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی ڕاستەقینەی کوردستان. بۆیە ئەم دەرەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە بەدەستی دێنێ دەشێ بکرێتە بەڵگەیەکی ئەکادیمی بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو ناوچانەی کوردستان کە ئاکارو مۆرکی نەتەوایەتیان شێوێنراوە و زەوت کراون.

هەروەها لایەنێکی تری چاکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەبۆ ئەنجامدانی پشت بە سەرچاوەو توێژینەوەی مێژوونووس و توێژەرە کوردەکان



نەبەستراوە، بۆ ئەوەی بێ لایەنی بپارێزێت کەمەرجێکی سەرەکی هەر کارێکی ئەکادیمییە بەتایبەتی لەبابەتێکی هەستیاری وەك ئەمەدا. بۆیە ئەم کارە پشت ئەستورە بە چەندەها سەرچاوەی ڕەسەن و زانیاری مێژوویی هاوچەرخ، بەتایبەتی بەڵگە نامە بلاّوکراوەکان وەك : (ساڵنامەی*ویلایەتی موسڵی ساڵی ١٣٠٨ ك) وە (راپۆرتی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی کێشەی موسڵ) کەحکومەتی عێراقی بەزمانی عەرەبی بلاّوی کردۆتەوە. ئنجا سەرچاوە عوسمانیە هاوچەرخەکان کە لەنێوانیاندا هەردووکتێبی (قاموس الاعلام) لەدانانی (شمس الدين سامی) و (تاریخ جودت) ی (احمد جودت) شایانی ئاماژە پێکردنن. هەروەها لەڕێگای کتێبی (کوردستان لەسەرچاوە عوسمانلییەکاندا) کەوەرگێڕی بەتوانا(فەیسەل دەباغ) ئامادەی کردووە، توانرا سوود لەچەند سەرچاوەیەکی مێژوویی ـ جوگرافی کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی ببینرێ. بێگومان سەرچاوە عێراقیەکانی سەردەمی عوسمانیش بایەخێکی گرنگیان هەیە بەتایبەتی کەهاوچەرخی سەدەی نۆزدەهەمن وە شارەزای ناوچەکەن, لەنێو ئەمانەدا بەشێوەکی دیار سوود لەدانراوەکانی مێژوو نوسی موسڵی (یاسین العمری، ١٧٤٤ - ١٨١٦) دەبینرێ لەوانە : (غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر) وە (غاية المرام في تاريخ

* سالنامە: زارەوەیەکی لێکدراوی عوسمانی یە کە لەدوو ووشە پێکهاتووە ئەوانیش (ساڵ) و (نامە) ن کەلەزمانی کوردیشدا هەمان مانا دەبەخشن، واتە زاراوەیەکە پێکرا دەبێتە (نامەی ساڵانە). دەولەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٧ز یەکەم ساڵنامەی دەرکرد، دواتر ویلایەتەکانی دەوڵەتیش ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان دەرکرد کە زانیاری کارگێری و ئابووری و ئاوەدانکاری و جوگرافی و مێژوویی گرنگی لەمەڕ ویلایەتەکە لە خۆ دەگرت. علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل ١٩٩٢، ص ٦٨.

**محاسن بغداد دار السلام). هەر لەو چوار چێوەیەدا کتێبی (دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء) کە (رسول حاوی الکرکوکلی - لە ساڵی ١٨٢٦ مردووە) دانەرەکەیەتی سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ باسەکە. هەرچی گەشتنامەو دانراوەکانی گەریدەو ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکانە، زۆر پێویست بوون بۆ بابەتەکە بەتایبەتی کەئەوانە شایەدی عەیانن بۆ باری ناوچەی توێژینەوەکە لەسەدەی نۆزدەدا; لەنێو ئەمانەدا گەشتنامەکەی جێنشینی بەریتانی (المقيم البريطاني) کلۆدیۆس جیمس ریچ لەساڵی ١٨٢٠بایەخێکی تایبەتی هەیە، هەروەها گەشتەکەی گەریدەی بەریتانی (جیمس بیکنگهام) کەلەساڵی (١٨١٦) بوو، وەزانیاریەکانی شوێنەوارناسی بەریتانی (سێر والیس بدج) کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە زۆر سوود مەندن. لەپاڵ ئەمانەی باسکران سوود لەچەندەها سەرچاوەو گەشتنامە و توێژینەوەی تر بینراوە کە لەلیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.**



## دەروازە

**کوردستانی باشوور مەبەست لێی ئەو خاکەیە کەلەچوار پارچەکەی ئێستای کوردستانی گەورە پارچەی باشوورە، واتە ئەو بەشەی کەلە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دەرەنجامەکانی ئەم جەنگە بەدەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە لکێنرا.[(١)] سەبارەت بەووشەی لێکدراوی (کوردستانی باشوور) یش وە نەبێ ئەم زاراوەیە نوێ بێت بەڵکو بەلای کەمەوەلەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە بەکار هاتووە.[(٢)]**

**ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە ئەوەیە کەسنوور و ڕووبەری ئەو بەشەی کوردستان بەتەواوی دیارنیە، ڕاستە سنووری ڕۆژهەڵات و باکوور و باکوری ڕۆژئاوای جێگیرو دیاریکراوە، چونکە بەلایەنی کەم لەم چەند سەدەیەی ڕابردوودا نەکەوتوونەتە بەر کرداری گۆرانکاری ئەتنۆگرافی،**

١- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : م. س. لازاریف، المسألة الكردية (١٩١٧ - ١٩٢٣)، ت:د. عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت ١٩٩١.

٢- بڕوانە : كلوديوس جيمس ريج، رحله ريج فى العراق عام ١٨٢٠، ت:بهاء الدين نوري، ج١، بغداد ١٩٥١، ص ٢١٣" وە بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية وايالتا بغداد والموصل، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل ٢٠٠١، ص ١٦.

بەپێی ئەوەی ئەم سنوورانە لە گۆشەنیگای نەتەوەیی یەوە بەسنووری ناوەخۆیی دەژمێردرێن چونکە هەردوو لای سنوور ناوچەی کوردنشینن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەم سنوورانە لەسەدەی بیستەمەوە سنووری سیاسی نێو دەوڵەتی عێراق پێك دێنن لەگەڵ هەریەکە لەئێران و تورکیا و سوریا یەك لەدوای یەکدا. هەروەها دەڤەرەکانی ناوەخۆش کەمتر گۆرانکاریان تێدا ئەنجام دەدرێت لە ڕووی ڕەگەز و زمانی دانیشتوانەوە. بەلاّم سنووری خواروو وە خوارووی ڕۆژئاوا کە سنووری ئێتنی کوردستانی باشووره بەبەردەوامی کەوتوەتە بەر گۆرانکاری ئێتنۆگرافی و ڕەگەزی بەهەردوو شێوازی دەستکرد و سروشتییەوە،[3] لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە ناوچەی ڕۆخ و کۆنتاکی نەتەوەیی و ڕەگەزین، بۆیە لێرەدا سنوورێکی ئێتنی ڕوون و سەقامگیر لەئارادانی یە.

لە ئەنجامی ئەمەدا مەسەلەی دیاریکردنی ئەو سنوورەی دوایی بۆتە کێشەیەکی دژوارو جێگای چەندو چوونە لەنێو توێژەرو لێکۆڵەران، بەتایبەتی لەسەدەی بیستەم و دوای دامەزراندنی دەولەتی عێراق کەگەیشتە ئاستی مەسەلەیەکی نەتەوەیی هەستیار و چارە نووسساز[4]، چونکە ڕەهەندی ستراتیژی و سیاسی و ئابووری گرنگی وەرگرت. بۆیە ئاوڕ دانەوە

---

٣- لەم بارەیەوە بڕوانە: ژیرارد چالیاند (سەرپەرشتی کردن)، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، و.م. گۆمەیی وأ. حەوێزی، سوێد ١٩٩٨، ل ٣٢٥-٣٤٠.

٤- لەبارەی ئەم توێژینەوانەی لەم بابەتە ئەنجامدراون بۆنموونە بڕوانە: د. عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ٢، هەولیر ٢٠٠٠, د. خلیل اسماعیل محمد، دابەشبوونی جوگرافیای نەتەوەی کورد لە عێراقدا، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی) ژ (٦) هەولێر ١٩٩٣، د. ئازاد محمد امین نەقشبەندی، دەربارەی دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی) ژ (١٠) هەولێر ١٩٩٤.



لەسەدەی نۆزدەهەم کەمترین کارە کەبکرێت بۆ ئەوەی مێژوو بە سەنگی مەحەك دابنرێت لەم بوارەدا.

بەلاّم بەر لەوەی ڕاستەوخۆ بچینە ناو بابەتە سەرەکیەکە خراپ نییە ئەگەر ئاوڕێك لەسەدەکانی پێشتریش بدەینەوە. بۆ ئەوەی بزانین مێژوونووسانی بەر لەسەدەی نۆزدە چۆن سنووری کوردستانیان دیاری کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی (ئیبن خەلدون)ی مێژوونووسی بەناوبانگ ـــ کە لەساڵی ١٤٠٦ز دا مردووە ـــ مەڵبەندی نیشتەجێی کوردان لەشاخەکانی حەمرین بەسەرەوە دەستی پێکردووە. ئەوەتا ناوبراو دەڵێ : ((چیای عیراق , پێی دەگوترێ (باریا)کە نشینگەی کوردانە, وە زابی گەورە وبچووك کە لەسەر (دیجلە)یە لەدواوەی ئەودایە,وە لەکۆتایی ئەو کەرتەدا لەلای ڕۆژهەلاّت وولاّتی ئازربایجانە))[5]. لەشوێنێکی تریش دەڵێ: ((لە ڕۆژهەلاّتی چیای کوردان ,کەپێی دەگوترێ :بارما))[6]. بێگومان مەبەست لەچیای (باریا) ـــ یان ڕاستتر(بارما)ـــ زنجیرە چیای حەمرینە,کە لەو سەردەمەدا بەم ناوەی دوایی دەناسرا وەك لە نووسراوەکانی گەڕیدە وجوگرافی ناسەکانی ئەو سەردەمە بەدیار دەکەوێت. بەتایبەتی (یاقوت الحموی)کە دەڵێ: ((بارما :چیایەکە لەنێوان تکریت وموسڵ وە هەرئەوە کە بە چیای حەمرین دەناسرێت))[7].

هەروەها (شەرەفخانی بەدلیسی)ش لەکۆتایی سەدەی شازدەهەمدا هەوڵ دەدات سنووری کوردستان دیاری بکات ,بەلاّم هەوڵەکەی شێوەی مەزەندە وەردەگرێت کاتێ دەڵێت: ((سنور وکەوشەنی وولاّتی کوردان کە ناوی

---

٥- ابن خلدون ,مقدمة ابن خلدون, دارالشعب , القاهرة(د. ت),ص٦٥.

٦- هەمان سەرچاوە, ص٦٩.

٧- بڕوانە: معجم البلدان , مج١, دار صادر, بیروت(د. ت),ص٣٢٠.

کوردستانە لەسەر لێواری دەریای (هورمز)[8]ـەوە ـ کەلەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە ــ دەست پێ دەکاو لەوێوە بەخەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لەمەڵبەندی مەلاتیەومەرعش دەبڕێتەوە. وولاتی فارس وعیراقی عەجەم وئازربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە وئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای باکوری ئەو خەتەوە. عیراقی عارەب وموصلێ ودیاربەکر دەبنە باشوری ئەو سنورە.[9]

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمیش گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) دەیەوێ سنوور وهەرێمەکانی وولاتی کوردان دیاری بکات, بەلام لەمەسەلەکە وورد نابێت وتەنانەت سنووری کوردان دەگەیەنێتە بەغدا وبەسرا کاتێک دەڵێت: ((ئەم وولاتە سەری لای باکوری دەگاتە (ئەرزەڕۆم)و لەوانیشدا (هەکاری) و (جەزیرە) و (ئامێدی ــ عمادیە) و (موسڵ) و (شارەزور) و(هەریر) و (ئەردەلان) و(بەغدا) و(درنە) و (دەرتەنگ) تادەگاتە (بەسرە) خاکێکی حەفتا قۆناخی بە کوردستان وبەردەلان دەژمێردرێ. . بەلام پانیی کوردستان بەقەدەر درێژاییەکەی نیە. لای خۆرهەلاتی سنوری عەجەمە ولە هەریر وئەردەلانەوە تاخاکی شام وحەلەب بیست ــ بیست وپێنج قۆناخە,بەشی هەرە تەسکی ئەم پانایيە پێنج قۆناخە)).[10]

٨- دیارە مەبەستی کەنداوی فارس (کەنداوی عەرەبی) یان گەرووی هورمزە کە دەکەوێتە نێوان ئەم کەنداوە و کەنداوی عومان.

٩- شرفخانی بدلیسی,شرفنامە, و: هەژار,بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد,چاپخانەی نعمان,نەجەف ١٩٧٢,ل٢٩-٣٠.

١٠- ئەولیا چەلەبی، کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا(یان-سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) و: ناکام، بغداد ١٩٨٨، ل٩٠-٩١.



## سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لەسەدەی نۆزدەهەمدا:

ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بکەین لەنێویاندا دەبینین کتێبی (ڕەوشی کوردان) ــ کەلەساڵی١٨٧١ دا لەلایەن (عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان) نووسراوە ــ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وگشتی باسی سنووری کوردستانی مەزن دەکات ودەڵێت: ((کوردەکان بەگشتی دوازدە دەستەن ,عەرزی ئەوان لەنیزیك موسڵەوە تانیزیك عمان[11] ولەدیاربەکری ڕۆم تا چوار فەرسەخی هەمەدانە. حاکمەکانی ئەوان بەسەر ئەوەنەدا حکومەتیان کردووە)).[12]هەروەهاگەڕیدەو جوگرافی ناسی ڕوسی (ئۆشاکۆف)کە لەساڵانی ١٨٢٨-١٨٢٩ دا بە کوردستاندا گەڕاوە، خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە دەدا ودەڵێ: ((کوردان ئێستا لەئاسیادا دەژین، وەکەرتێکی فراوانی زەوی دادەگرن کە لەئاراراتەوە درێژ دەبێتەوە تا نزیکەی کەنداوی فارس، یان بەشێوەیەکی ووردتر تا خۆزستان. وە ئەم وولاتە بەگشتی پێی دەگوترێ کوردستان. بەلام خاوەنی پێکهاتەی تەواوی تایبەت بەخۆی نییە، لەبەر ئەوەی بەشی هەرە مەزنی کوردستان دەچێتە نێو موڵك وزەوی وزارەکانی ئێران [دەولەتی قاجاری] و تورکیا [دەولەتی عوسمانی]. هەروەها هەندێك

١١- لەوانەیە مەبەستی کەنداوی عومان بێت کە لەنێوان زەریای هیندی وکەنداوی فارسی(یان: عەرەبی)یە,وە هەر ئەو مەبەستەش لەڕاستییەوە نزیکترە.

١٢- عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان, ڕەوشی کوردان /مێژووی کوردستان, و:کەریمی حێسامی ,چ١,سوید ١٩٩١,ل١٩.

فارس وئەرمەن وتورکی تیدا دەژی ولەنێو دانیشتوانی ئەژمار دەکرێن. . .)).[١٣]

بەهەمان شێوە سەرچاوە مێژوویی وجوگرافییەکانی کۆتایی سەردەمی عوسمانی (کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم ) هەوڵی دەستنیشان کردنی سنووری کوردستان دەدەن. بەلاّم بەهۆی گرانی دیاری کردنی ئەم سنوورە لەڕووی سیاسی وکارگێڕییەوە ،دەیانەوێ لەڕێی ئەژمارکردنی هەرێم وناوچە کوردییەکانی هەریەکە لە دەولەتی عوسمانی وئێران بەجیا ،سنووری ئەم ولاّتە لەڕووی جوگرافییەوە بەشێوەیەکی نزیکەیی دیاری بکەن. لەبارەی کوردستانی ژێردەسەلاّتی عوسمانی ـ کەمەبەستی ئێمەیە ـ ئاماژە بەوە دەکرێ کە: ((لەباکوورەوە لەسنووری باکووری کوردستان(ورمێ) وە دەست پێدەکات تا لێواری دەریاچەی وان و ویلایەتی بتلیس وبەشێکی ویلایەتی دیاربەکرو ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزو قەزای دەرسیم وبەشێکی هەرەزۆری ویلایەتی مووسل)).[١٤]شایانی باسە تخوبی باشووری ویلایەتی موسڵ کەزۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشووری لەخۆ دەگرت تا زنجیرە چیای حەمرین درێژ دەبۆوە.[١٥]

بێجگە لەمانەی باسکران ئەوەندەی بزانرێ سەرچاوەی مێژوویی رەسەنی ئەوتۆ لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەبەردەستدا نی یە کەباسی سنووری کوردستان

١٣- ب. م. دانتسیغ، الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمة وتعليق:د. معروف خزندار، بيروت ١٩٨١، ص١٧٥.

١٤- فەیسەڵ دەباغ (وەرگێڕان)،کوردستان لەچاپکراوە عوسمانلییەکاندا، دەزگای ئاراس،هەولێر ٢٠٠٤، ل١٢٧.

١٥- بڕوانە نەخشەی ویلایەتی موسل لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا



بکات ولێرەدا بەتەواوی بەهانامانەوە بێت,بەلاّم نەبوونی سەرچاوەی لەم جۆرە نابێتە رێگر، چونکە دەتوانرێ لەجیاتی ئەمە پشت بە گوزارشی گەریدەکان و تۆماری ڕووداوەکان و سەرچاوە مێژووییەکانی تر ببەسترێت بۆ دیاری کردنی سنوری ناوبراو. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەوڵ دەدەین لە باکورەوە دەست پێ بکەین و بەرەو باشوور بێین تا لە رێگای بەلّگەی مێژوویی ڕەگەزو زمانی دانیشتوانی ناوچەکانی سەر رۆخ و تخووبەکان بە دیار بخەین:

## ناوچەی ژەنگارو رۆژئاواو باکوری موسڵ

(ژەنگار) کە ناوە کوردی و رەسەنەکەی ئەو شوێنەیە کە بە عارەبی پێی دەگوترێت (سنجار)ناوچەیەکی بەناوبانگی دێرینی کوردە ئێزیدیەکانە.[١٦] هەرچەندە ئەمە راستیەکی بەلّگە نەویستە, بەلاّم هەر تەنیا سەبارەت بەهەبوونی ئەم کوردانە لەم شوێنە لە سەردەمی عوسمانیدا چەندەها بەلّگەی مێژوویی لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا بەرچاوەدەکەوێت.[١٧] وە بۆ زیاتر وردبونەوە ئاماژە بەزانیاری مێژوونووسەکانی سەدەی نۆزدە دەکەین, لەپێش هەموویاندا (یاسین العمری) کە لە کاتی گێرانەوەی رووداوەکان لە کتێبە

١٦ـ بۆدابڕینی ئەم ناوچەیە لەکوردستان و جیاکردنەوەی کوردە ئێزیدیەکان لەنەتەوەی کورد هەوڵ دەدرێ سوود لە جیاوازی بیروباوەری ئایینی وەربگیرێ، لەکاتێکدا ئایین بەتەنیا هیچ کاتێك بنەمای سەرەکی نەتەوە پێك ناهێنێت.

١٧ـ بۆ نموونە بڕوانە: ئەولیا چەلەبی، س. پ, ل٨١-٨٢, احمد واصف، محاسن الاثار وحقائق الاخبار (بەزمانی تورکی)، ج١، مطبعة بولاق، القاهرة ١٢٤٦هـ، ص١٥.

میژوویەکاندا دەیەها جار پەنجە بۆ ئەو راستی یە درێژ دەکات.(١٨)
هەروەهاگەریدەی فارسی (ابي طالب خان) کاتێك لەساڵی ١٨٠٣ز لە ژەنگار نزیك دەبێتەوە دەڵێ خەڵکی ئێرە بە گشتی پێیان دەگوترێت ((کردیزید))(١٩) کە بێگومان واتە کوردی ئێزیدی. گەریدەی ئینگلیزی (بیکنگهام)یش دەڵێ ئەوان لە نێو خۆیان بە کوردی دەدوێن هە رچەندە زمانی تورکی لە نێوانیاندا باوە. (٢٠) هەروەها (المنشئ البغدادي) لەساڵی ١٨٢٠ز هەر بەکوردی ئێزیدی ناویان دەبات. (٢١)

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەفسەرو سیاسەتمەداری ئینگلیزی مارك سایکس(١٨٧٩-١٩١٩) لەکتێبەکەی لەمەر هۆزە کوردەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە دێتە سەر باسی هۆزەکانی ناوچەی ژەنگار دەنوسێت : ((کۆمەڵە گەورەکەی ئێزیدیەکان. . . وە یەکێتی یە هۆزایەتیەکەی سنجار [ژەنگار] هەموویان کوردن))(٢٢). لە راستیدا ناوچەی ناوبراو لەم سەردەمەدا لە ژمارەیەکی زۆر هۆزی کوردی ئێزیدی

١٨ـ غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، الموصل ١٩٤٠، ص ٢٥، ٦٥; زبدة الاثار الجلية في الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د. داود الجلبي، تحقيق : عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف ١٩٧٤، ص١٧٥.

١٩- رحلة ابي طالب خان الى العراق واوروبة سنة ١٢١٣ هـ / ١٧٩٩م، ت: د. مصطفى جواد، مطبعة الايمان، بغداد (بدون تاريخ)، ص ٣٥٣.

٢٠- جيمس بيكنغهام، رحلتي الى العراق سنة ١٨١٦، ت:سليم طه التكريتي ج١، مطبعة دار البصري، بغداد ١٩٦٩، ص ١٠٩.

٢١- محمد بن احمد الحسيني المنشئ البغدادي، رحلة المنشئ البغدادي، ت:عباس العزاوي، بغداد ١٩٤٨، ص٧٧.

٢٢- القبائل الكوردية في الامبراطورية العثمانية، ت:د. هەوراز سوار علي، تقديم ومراجعة: د. عبد الفتاح علي يحيى، دهوك ٢٠٠٢، ص ٦٤.



پێکدەهات لەوانە: مەهرکان, عەمران, سموقە, قیران, خالتی, هەبابات, نافخۆش و چەندانی تر,(٢٣) بەڵام دیارە لە هەموو یان گرنگتر ئەوەی یەکەمیان(مەهرکان) بوو, چونکە لەرووداوە مێژووییەکانی سەدەی نۆزدە چەندەها جار ناوی دێت.(٢٤)

سەبارەت بە زەمینی باکووری رۆژهەڵاتی ژەنگار و تا دەگاتە تەلەعفەر و رۆژئاوای موسڵ, هەر دەتوانین بڵێین ناوچەی کوردنشین بوون وەك لە گوزارشەکانی گەریدە(ابي طالب خان) بە دیاردەکەوێت.(٢٥) ئەوەتا گەریدەی ئینگلیزی(جیمس بیکنگهام)یش کە لە ساڵی ١٨١٦ بە دەشتە بیابانیەکەی باکووری ژەنگاردا تێدەپەڕێ دەگاتە گوندیك کەپێ ی دەگوترێ "تل الشعير" وەدەڵێ دانیشتوانەکەی هەموو کوردن.(٢٦)

بێ گومان مەسەلەکە هەرگوندێك یان چەند گوندێك ناگرێتەوە , بەڵکو هۆزێکی گەورەی وەك هۆزی (مەندەکان)ی ئێزیدی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە خاکی نێوان ژەنگارو تەلەعفەردا دەژیان.(٢٧) هەر سەبارەت بەو ماوە مێژوویی یە نووسەری عوسمانی (شمس الدين سامي) ئامارێکمان دەخاتە بە ردەست کەبەتەواوی دڵنیامان دەکات , بە پێ ی ئەو ئامارە قەزای ژەنگار لەگەڵ ناحیەی تەلەعفەر لە (٧٢) گوند پێك دێت کە (١٧٣٥٠)

٢٣- هەمان سەرچاوە، ص ٧٥-٧٦ ; اسماعيل بك چول، اليزيدية قديما وحديثا، تحقيق:د.قسطنطين زريق، بيروت ١٩٣٤، ص ١٠٩-١١٠.

٢٤- بۆ نمونە بڕوانە: ياسين العمري، غرائب الاثر، ص ٦٤ , هەروەها : غاية المرام في تاريخ محاسن بغداد دار السلام، بغداد ١٩٦٨، ص ٢٠٢"عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، مج ٦، بغداد ١٩٥٤، ص١٩٠.

٢٥- رحلة ابي طالب خان، ص ٣٥١.

٢٦- رحلتي الى العراق، ج١، ص ٦-٧.

٢٧- مارك سايكس، م. س، ص ٧٦.

سەر دانیشتوان لە خۆ دەگرن , لە نێو ئەو ژمارەیەدا (٨٠٠٠) ئێزیدی و (٩٣٥٠) تورکمان و کوردن.[٢٨] وە ئەگەر ئەو ژمارەی دوایی بە نیوە لە نێوان کوردو تورکمان دابەش بکەین و لەگەڵ ژمارەی کوردە ئێزیدیەکان کۆی بکەینەوە, بۆمان دەردەکەوێ کەژمارەی دانیشتوانە کوردەکانی ئەوێ دەگاتە (١٢٨٥٠)سەر کە دەکاتە زیاتر لە (٣/٢)ی کۆی دانیشووان.

ئەگەر لە تەلەعفەرەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین بۆ ڕووباری دیجلە لەباکوری شاری موسڵ , دەبینین ئەوێ لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەڤەرێکی کوردنشینە, ئەوەتا (بیکنگهام)کاتێک لە(ئاسکی موسڵ)[٢٩] دوە بەرۆژئاوای دیجلەوە بۆ موسڵ دەچوو تێبینی ژمارەیەك گوندی کرد کە دەڵێ هەموویان کوردیان تێدا دادەنیشت لە نێوانیاندا گوندێکی گەورە بە ناوی (هەمەدان),[٣٠] کە ئێستاش ماوەو گوندێکی کوردە ئێزیدیەکانە.[٣١] وە ئەگەر ئەم گوتانە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە گوترابێت, دەتوانین بڵێین بۆکۆتاییەکانی سەدەکەش هەر راستە, چونکە شوێنەوارناسی ئینگلیزی (سیر والیس بدج) کاتێک لە ساڵی ١٨٨٩لە چوارچێوەی گەشتێکی زانستیدا هاتە موسڵ, ئەو راستیەی لە گەشتنامەکەیدا بۆ تۆمارکردین: ((لە گوندەکانی باکوری موسڵ. . . خەڵك بە زمانی کوردی

٢٨- قاموس الاعلام (بەزمانی تورکی)، مج ٣، مهران مطبعة سي، استانبول ١٣٠٦ رومي/١٨٨٩ م، ص ٢٦٥٣.

٢٩- ئاسکی موسڵ: گوندێکە لەدووری (٤٠ کم) لە باکووری ڕۆژئاوای موسڵ لەسەر لێواری ڕاستی دیجلە، لەسەردەمێکداشارێکی ئاوەدان بووە بەناوی (بەلەد)، جمال بابان، أصول أسماء المدن والمواقع العراقية، ط ٢، بغداد ١٩٨٦، ص ٢١.

٣٠- رحلتي الى العراق، ج ١، ص ٤٩-٥٠.

٣١- هەمان سەرچاوە، ص ٥٠ (هامش المترجم).



دەدوێن. . .))[٣٢]. هەروەها لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ١٣٠٨ك/ ١٨٩٠ز دا هاتووە کە خەڵکی دەوروبەری موسڵ زۆرینەی کوردو عارەبن,[٣٣] کە بێگومان ئەمانەی دوایی لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای شارەکەن و کوردەکانیش لە ڕۆژهەڵات وباکوور.

بەڵکو لەنێو دانیشتوانی خودی شاری موسڵیش ڕێژەیەکی دیاری کورد هەبوو، هەروەکو سەرچاوەکان ئەمە دەسەلمێنن، بەپێی گوتەی (ئۆلیڤیێ– أوليڤيیە) لەکۆتایی یەکانی سەدەی هەژدە (١٥-١٦) هەزار کەس لەکۆی (٦٦) هەزار سەر دانیشتوان لەم شارەدا کورد بوون,[٣٤] واتە نزیکەی (٤/١) ی هەموودانیشتوان کە لەعارەب و تورك و فەلە و جولەکە پێك دەهاتن. بەڵام گەریدەیەکی تر ڕێژەیەکی زیاترمان دەداتێ; ئەوەتا (بیکنگهام) دەڵێ دانیشتوانی موسڵ بەرێژەی یەکسان لەعارەب و تورك و کورد پێك دێن.[٣٥] زانیاریەکانی (مۆلتکە) ی ئەڵمانیش کەبۆ ساڵی ١٨٣٨ ز دەگەرێتەوە هەر هەمان واتا دەدات بەدەستەوە.[٣٦]هەروەها

٣٢- رحلات الى العراق، ت : فؤاد جميل، ط ١، ج١، مطابع دار الزمان, بغداد ١٩٦٦، ص ٢٩٢.

٣٣- ساڵنامەولایت موصل ١٣٠٨ ھ، مکتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيلة ترتيب أو لنمشدر، ص ٩٦.

٣٤- رحلة أوليفييه الى العراق ١٧٩٤ -١٧٩٦، ت:د. يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٨، ص ٤٤.

٣٥- رحلتي الى العراق، ج١، ص ٦٤، گەریدەی ناوبراو دەڵێ شارەکە دەوروبەری (٥٠) هەزار دانیشتوان لەخۆ دەگرێ.

٣٦- عبدالفتاح علي يحيى (ترجمة وتقديم)، الكورد وكوردستان في رسائل الفيلد مارشال هيلموت فون كارل مولتكة، مجلة (الاديب الكردي/ نووسەری کورد) عدد(٤) بغداد، تموز ١٩٩٢، ص ٣٦ (الهامش).

(پریزین)ی گەڕیدەی ڕوسیش لەساڵی ١٨٤٣دا ئاماژە بەوە دەکات کەلەدوای ڕەگەزی عارەب ((کورد بەشێکی گەورەی دانیشتوان پێکدەهێنێ)) لەشاری موسڵ، بۆیە ((ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لەشارەکەدا بەزمانی کوردی دەدوێن)) وەك ئەم گەڕیدەیە وادەڵێت[٣٧]. بەڵام (سێر والیس بدج) کەلەساڵی ١٨٨٩ دوای ئەوەی دەڵێ : ((دانیشتوانی موسڵ بریتین لە عارەب وفارس و کورد وجولەکە وفەلە ...))، ئاماژە بەوە دەکات کەلەپاڵ زمانی عارەبی (کەزمانێکی باو بوو) ژمارەیەکی زۆری خەڵکی موسڵ بەشێوە زارێك(لهجە) دەئاخڤن پێی دەگوترا (فلليحی) واتە (جوتیارانە) وە تیایدا ووشەگەلێکی سریانی و کوردی کۆنی زۆری تێدا بوو.[٣٨] بێگومان ئەمەش کاریگەری زمان و هەبوونی کورد لە شارەکە پیشان دەدات، تا ئەو ڕادەیەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش زمانی ك،وردی زمانێك بوو کەخەڵکی مووسڵ لەپاڵ عارەبی و تورکی پێی ئاشنا بوون.[٣٩]

## ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ

سەبارەت بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ تازێ ی بادینان (الزاب الکبیر) دەکرێ پشت بە سنووری دەسەڵاتی میرنشینی بادینان لەگەڵ ئەیالەتی موسڵ ببەسترێ، کەبەدرێژایی چەند سەدەیەك لەنێوان هەردوولا لە ئارادا بوو تا روخانی میرنشینی بادینان

٣٧- ب. م. دانتسیغ، م. س، ص٢٤٤-٢٤٥.
٣٨- رحلات الى العراق، ج١، ص ٢٩١ - ٢٩٢.
٣٩- میجرسون، رحلة متنکر الى بلادمابین النهرین وکردستان، ت: فؤاد جمیل، ط ١، بغداد ١٩٧٠، ج١، ص ١٢٥.



لەساڵی ١٨٤٢.[٤٠] بەپێ ی زانیاری سەرچاوە تایبەتمەندەکان ئەو سنوورە لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی کەلەك لەسەر زێی بادینان دەست پێدەکات و بە باشووری ناوچەی عەشایر سەبعە (العشائر السبعە)[٤١] دا تێدەپەرێت بەرەو ڕۆژئاوای باکوور بۆ چیای مەقلوب، ئنجا بەهەمان ئاراستە تا ئاسکی موسڵ لەسەر دیجلە.[٤٢]

ئەم سنوورە کەهێڵێکی جیاکەرەوەی رامیاری و کارگێری بوو لەو ماوە مێژووییە درێژەدا (لە سەدەی شازدەوە تا ناوەراستی سەدەی نۆزدە)، دەتوانین بڵێین لەهەمان کاتدا تخووبێکی (تاڕاددەیەك) ئێتنی بوو لەنێوان ئەو ناوچە کوردیانەی کەدواتریش بەدەڤەری بادینان ناسرا، لەگەڵ ناوچەکانی سەر بە موسڵ، بەڵکو زیاد لەوە لە دەرەوەی ئەم هێڵەش گروپی دانیشتوانی کورد هەبوون، هەروەکو سەرچاوە مێژووییەکان ئەمە دەسەلمێنن, ئەوەتا (بیکنگهام) لەرێگای نێوان ئاسکی موسڵ و شاری موسڵ گوزارش لەمە دەکات کاتێ دەنووسێت : ((بەری رۆژهەڵات [ رۆژهەڵاتی دیجلە] لە زەوی کشتوکاڵی رووتەخت پێك دێت کەدێهاتی کوردی تێدا پەرش و بڵاوە...)).[٤٣] وە دیارە گوندی (واتە – یان –وانە) یەکێك بووە لەو گوندە کوردیانە کەلەبەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە بەرامبەر ئاسکی موسڵ بوو، وە لە ساڵی ١٨٢٠ لە نزیکەی سەد ماڵی ئێزیدی و کلدان پێك دەهات. وە لە

٤٠- سەبارەت بەمێژووی میرنشینی بادینان بڕوانە : انور المايي، الاكراد في بهدينان، ط٢، دهوك ١٩٩٩ ، صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية، ط٢، مراجعة وتقديم: د. عبد الفتاح علي يحى، اربيل ١٩٩٩.
٤١- دەکەوێتە نێوان زێ ی بادینان و ڕووباری خازر وە تانزیك ڕێگای ئاکرێ درێژدەبێتەوە.
٤٢- صديق الدملوجي، م. س، ص ١٢٧" کاوە فریق امیدی، امارة بادینان ١٧٠٠ - ١٨٤٢، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین-أربیل، ١٩٩٨، ص١٠.
٤٣- رحلتي الى العراق، ج١، ص٤٩.

دوورییەکی کەم گوندێك لەبناری شاخ بەرچاو دەکەوێت کەنزیکەی پەنجا ماڵی ئێزیدی لەخۆدەگرت. دێری ناسراوی (مارمەتی) یش هەر لەو نزیکانە بوو.[٤٤] هەر لەو ناوەدا شارۆچکەی (القوش) هەیە کەمەڵبەندێکی ئایینی گرنگی فەلەکانی ئەو دەڤەرە بوو،[٤٥] بەڵام سەر بەدەسەڵاتی میرنشینی بادینان بوو[٤٦]. (شێخان) ی مەڵبەندی سەرەکی کوردە ئێزیدی یەکانیش کە سەر بە میرنشینی بادینان بوو دەکەوێتە رۆژهەڵاتی (قۆش) بۆیە گوندەکانی ئێزیدییان تا نزیکی ئەو شارۆچکەیە درێژ دەبێتەوە[٤٧].

دەبێ لەسەدەی نۆزدەهەم دێهاتی کورد بەتایبەتی کوردە ئێزیدیەکان تا کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلەی نزیك موسڵ هاتبن، چونکە (ئۆلیڤییێ) لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە کاتێك لەموسڵ بوو ئاماژەی بەوە کرد کە کوردە ئێزیدیەکان لەرۆژهەڵاتی دیجلە ئاکنجین.[٤٨] هەروەها (بیکنگهام) لەکوردێکی ئێزیدی خەڵکی (کەڵەك) ئەم زانیاریەی وەرگرت.[٤٩] گەریدەیەکی تریش لەکۆتاییەکانی سەدەی دواتر پێمان ڕادەگەیەنێت کە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ کوردن.[٥٠] زانیاریەکانی (مێجەرسۆن) یش کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم ئەمە دووپات دەکاتەوە , ناوبراو

٤٤- المنشئ البغدادی، م. س، ص ٨٤.

٤٥- شارۆچکەی (القوش) دەکەوێتە باکوری موسڵ بەدووری (٣٣کم)، بەتریارکی گشتی فەلە نەستورییە کلدانەکان لەوێ دادەنیشێ و لە بەرزاییەکانی چیای قۆش دێری (ڕەبان هورمز) هەیە کەدێرێکی گرنگ و دێرینە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کورکیس عواد، أثر قديم في العراق، ديرالربان هرمزد، الموصل ١٩٣٤.

٤٦- ياسين العمري، غاية المرام، ص ١٠٠، المنشئ البغدادي، م. س، ص ٨٥.

٤٧- ياسين العمري، غاية المرام، ص ١٠٠.

٤٨- رحلة اوليڤييه، ص ٤٤.

٤٩-رحلتي الى العراق، ج١، ص ١١٠

٥٠- سير واليس بدج، م. س، ج١، ص ٢٩٢



کاتێك لە موسڵ بەرێ دەکەوێ بۆ هەولێر بەرێگای کەڵەك، لەدوای تێپەر بوون بەلای گردی یونس پێغەمبەر گەیشتە دەشتایی یەکی بەرین، لەوێ لەلای چەپ زنجیرەیەك گردۆلکەی بەرچاو کەوت کەژمارەیەکی زۆر گوندی دەگرتە خۆ، (سۆن) دەڵێ ئەو دەشتایی یە موسوڵمانی تێدا نی یە بەڵکو ئەوەی هەن کلدان و ئێزیدین.[٥١] دیارە ئەم دەڤەرە ئەو کاتە و نزیکەی سەدەیەکیش پێش (سۆن) هیچ مەڵبەندێکی نیشتەنی عارەبەکانی تێدا نەبووە.[٥٢]

هەروەها دەتوانین بڵێین ئەو ناوچەیەی باکووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ کەلەڕووباری (خازر) ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ (بەعشیقە)[٥٣] و (تلکێف)[٥٤] بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم و ئێستاش شوێنی نیشتەجێ ی کوردانی (شەبەك)ە.[٥٥] تەنانەت بەپێی زانیاری بەڵگە نامە عوسمانیەکان ئەو کۆمەڵەیە دانیشتوانە کوردە کەوەك هۆز ناوی دێت لەگەڵ چەند هۆزێکی کوردی تر (وەك: کەلهوڕ، گۆگجەلو، دونبولی، لەك، باجوانلو،

٥١- رحله متنكر، ج١، ص ١٣٣.

٥٢- جیمس بکنغهام، م. س، ج١، ص ١٧٥

٥٣- شارۆچکەیەکە لەدووری (٢٥کم) لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، ئێستا ناحیەیەکە سەر بە قەزای ناوەندی موسڵ. جمال بابان، م. س، ص ٤٦.

٥٤- تلکیف لە باکووری ڕۆژهەڵاتی(موسل)ە لەدووری (١٩کم)، ئێستا ناوەندی قەزای (تلکیف) ـە لە پارێزگای نەینەوا. هەمان سەرچاوە، ص ٨٦.

٥٥- شاكر خصباك، العراق الشمالي/ دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، بغداد ١٩٧٣، ص٢١٨، عبدربة سكران ابراهيم الوائلي، اكراد العراق ١٨٥١ -١٩١٤، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة القاهرة ١٩٨٧، ص ٢٤٦، شایانی باسە ئەم توێژەرەی دوایی دەیسەلمێنێ کە (شەبەك) بە حوکمی زمان و شوێنگە کوردن، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ص ٢٤٢.

سیامەنسوری) لەسەدەی شازدە لەو دەڤەرەدا هەبوون.[٥٦] لە ناوچەی چیای (مەقلوب) یش ئاوەدانی گەورەی کوردان هەبوو بەتایبەتی کوردانی ئێزیدی،[٥٧] لەوانە (فەرزانی) کە (المنشئ البغدادی) بەگوند ناوی دەبات بەڵام دەڵێ لەهەزار ماڵ پێکهاتبوو،[٥٨] واتە وەك شارۆچکەیەك وابوو،یان بەلایەنی کەم گوندێکی گەورە بووە.

سەبارەت بە ناوچەی (عەشایر سەبعە) ش بێ گومان پێویست بەوە ناکات بیسەلمێنین کە ناوچەیەکی کورد نشینە، چونکە تەنیا مەبەست لە ناوەکەی (حەفت هۆزەکە - العشایر السبع) ئەو حەفت هۆزە کوردەیە کە لەوێ نیشتەجێن و بەپێ ی زانیاری یەکانی (عەزاوی) ئەمانە دەگرێتەوە: (کەپرە، زەرگی، شایلو، شێخ بزەینی، لۆما، خەنت بەری، شارك).[٥٩] بەڵام توێژەرێکی نوێ ناوی چەند هۆزێکی تر دەبات کە لەو ناوچەیە نیشتەجێن لەنێویاندا هۆزەکانی (بۆت و موسەیی و زەنگەنەو داودە)،[٦٠] کە لەراستیدا سەرچاوە مێژوویی یەکانیش دەیسەلمێنن ئەو هۆزە نابراوانە لە سەرەتاکانی

56- BAD,Tapu Defteri no. 660 Musul.

(دانەیەکی کۆپی کراو کە لە کتێبخانەی خوێندنی باڵای کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا لەژێر ژمارەی ١٢٥٣ پارێزراوە) تابلۆکانی ١٨٣، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢١٣، ٢٢٤، هەروەها بڕوانە :

BAD,Tapu Defteri no. 195 Musul

(کە لەهەمان کتێبخانەی پێشووە بە ژمارەی ١٢٥٢) تابلۆکانی ٥٦، ٦١ -٦٢.

٥٧- المنشئ البغدادي، م. س، ص ٨٤ (هامش المترجم).

٥٨- هەمان سەرچاوە، ص ٨٤-٨٥.

٥٩- عباس العزاوي، عشائر العراق، ج٢ الكردية، بغداد ١٩٤٧، ص ١٩٤، ١٩٥

٦٠- خەسرۆ گۆران، بوونی کورد لە پارێزگای نەینەوا(موسڵ) دا، بەشی یەکەم، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ژ(٨) تشرینی یەکەم ١٩٩٨، ل ١٤.



سەدەی نۆزدە لەو دەڤەرەدا هەبوونە.[٦١] هەرچۆنێك بێت دیارە بەهۆی یەکگرتن یان جیا بوونەوەی هۆزو تیرەکان لەیەکتر ناوی حەفت هۆزە سەرەکییەکە لەو سەردەمە بەتەواوی نازانرێت، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە گومان لە کوردایەتی ئەو هۆزانە دا نی یە. بەتایبەتی کە سەرچاوە عوسمانییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە (عەشایر سەبعە) لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم مەڵبەندی ناحیەیەکی سەربەویلایەتی موسڵ بووەو هەموو دانیشتوانیشی کورد بوون.[٦٢]

لەبارەی شارۆچکەی کەلەك کەدەکەوێتە سەر زێ ی بادینان،دەتوانین بڵێین هەموو ئەو گەریدە بیانیانەی کەلەماوەی تایبەت بە توێژینەوەکە پێیدا تێپەر بوون کۆکن لە سەر ئەوەی تەنیا کوردانی ئێزیدی لەوێ دادەنیشن. بۆ نموونە گەڕیدەی فەرەنسی(ئۆلیڤییێ) کاتێ لە(١٥)ی نیسانی ١٧٩٤ بەم شارۆچکەیەدا ـ کەئەوکاتە گوند بووـ گوزەر دەکات ڕاشکاوانە دەڵێ: ((جگە لە ئێزیدییەکان کەسی تری تێدا ئاکنجی نییە)).[٦٣] شایانی باسکردنە ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی ئەم ئێزیدییانە کار وپیشەیان تەنیا ئەوەیە کە بەهۆی کەڵەکەکانیانەوە[٦٤] ئەو کاروانانە لە زێیەکە دەپەڕێننەوە

٦١- بروانە : یاسین العمري، غرائب الاثر، ص٣٥، هەروەها:زبدة الاثار، ص١٧٤، المنشئ البغدادي، م. س، ص٨٥.

٦٢- فەیسەل دەباغ،س .پ،ل١٠٧.

٦٣- رحله اولیفییه، ص ٦١.

٦٤ـ کەڵەك: ئامرازێکی گواستنەوەی ئاوی ئەو سەردەمە بوو کە پێکدەهات لە کۆمەڵێك هەمبانەی پڕبا (هەوا) ,کەبەهۆی چەند دارێکی درێژەوە بە توندی بەیەکتر بەسترابوون ,وە لەسەر ئەمانە ژمارەیەك تەختە دار ڕایەل دەکرابۆ ئەوەی مرۆڤ وکەل وپەلی لەسەر = =بگوازرێتەوە. (بڕوانە: اولیڤییە, م. س, ص٥٤) وە زۆر پێ دەچێ کە ناوی شارۆچکەکەش (واتە: کەڵەك) هەر لەناوی ئەم ئامرازەوە هاتبێ.

که لەئامێدی وجزیره وموسلەوه بۆ هەولێر وکەرکوك وشارەزوور وبەغدا دەچن یان بەپێچەوانەوه.(٦٥) هەروەها (بیکنگهام)ی گەڕیدەی ئینگلیزیش لەساڵی ١٨١٦ ڕێی دەکەوێتە (کەڵەك) و گوزارشت لەوه دەکات کە خەڵکەکەی ئێزیدین, هەروەها ئەوەش زیاد دەکات که ئەمانە ((ژینگەی ڕەسەنی خۆیان دەگێڕنەوه بۆشاخەکانی کوردستان ولەنێوان خۆشیان هەر بەزمانی ئەم وولاتە[واتە:کوردی]دەدوێن هەرچەندە زمانی تورکیش لەنێویاندا بلاوبۆتەوه))(٦٦) بەلام گەڕیدەی فارسی (المنشيء البغدادي) لەساڵی ١٨٢٠دا ئاماژه بەهەبوونی دوو گوند دەکات لەهەمان شوێنی شارۆچکەی (کەڵەك)ی ئێستا,وەبەناوی (حسين كفتی) ناویان دەبات کەپێدەچێ شێوەی شێوێنراوی (یاسین کەڵەك) بێت کە ئەویش هەر ناوی ئەم شارۆچکەیە بوو لەسەردەمێکدا. (٦٧)ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کەئەم گەڕیدەیە دەڵێ: ((خەڵکی ئەم دوو گوندە پێیان دەگوترێ (داسنی)(٦٨). وە ئەمانەش کوردی ئێزیدین)).(٦٩)سەرباری ئەمە (ئۆلیڤیێ) لە خەڵکی (کەڵەك)ی بیستووەکە ژمارەیەك گوندی ئێزیدی تر لە هەردوو لای زێیەکە هەن.(٧٠) هەروەها (بیکنگهام) یش ئەوەی بۆ دەرکەوتووە.(٧١) وادیارە گوندی (زیلان) یش یەکێك بووە لە گوندە کوردەکانی ئەو دەڤەرە لەسەرەتای سەدەی بیستەم.(٧٢)

٦٥- هەمان سەرچاوە, ل٦٢.
٦٦- رحلتى الى العراق، ج١، ص١٠٨-١٠٩.
٦٧- بڕوانە: رحلة المنشيء البغدادي,ص٧٧ پەراوێزی وەرگێڕ(عباس العزاوی).
٦٨- ئەمە ناوێکی تری کوردە ئێزیدییەکانە کە لەو سەردەمەدا هەندێ جار بەکار دەهات.
٦٩- رحلة المنشيء البغدادي,ص٧٧.
٧٠- رحله اوليڤييه، ص ٦١.
٧١- رحلتى الى العراق، ج١، ص ١١٠.
٧٢- میجرسون، م. س، ج١، ص ١٣٩.



## ڕۆژئاوای هەولێر و کەرکوك

سەبارەت بە ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای هەولێر واتە ئەو زەمینەی دەکەوێتە نێوان هەرسێ زێ ی بادینان و بچووك ودیجلە، کە لە دەشتێکی پان و بەرین پیکدێت (جگە لەچیای قەرەچوغ) هیچ شارێك یان شارۆچکەیەکی گەورەی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر گوندی تێدا پەرش و بلاو ببۆوە، هۆزی گەورەی دزەیی و ئەو هۆزە بچوکانەی کەلەژێر سێبەری ئەودا دەژیان بەشێکی گەورەی ئەو گوندانەیان ئاوەدان کردبۆوە، بەتایبەتی گوندەکانی دەشتی هەولێر و کەندیناوە و قەراج و شەمامك.(٧٣)

دیارە (دزەیی) یەکان لەساڵی ١٨٢٠ ئەوەندە بەهێزو دەسەلات بوونە لەو ناوچەیە تائەو ڕاددەیەی (فارس ئاغا) ی سەرۆکی ئەو هۆزە کەلە قوشتەپە دادەنیشت بە (ریچ) ڕابگەیەنێ کە ((ئەو نە پاشکۆی والی بەغدایە و نە سەر بە پاشای کوردستان [ مەبەست میری بابانە ] یان شای ئێرانە، بەڵکو ئەو گەورەی خۆیەتی و لە وولاتی خۆیدا دەژی))(٧٤). لە ڕاستیشدا ئەو هۆزە لە سەدەی نۆزدەدا ڕۆڵی لەمێژوی ناوچەکەدا هەبوو بۆیە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی دەهێنرێت(٧٥) و وەك هۆزێکی ((زۆر گەورە)) باسی لێوە دەکرێت(٧٦). ئەوەتا لەکاتێکدا لە ساڵی ١٨٢٠ نزیکەی هەزار ماڵ

٧٣- کەریم شارەزا، کورتەیەکی مێژووی دزەییان لە دەستنووسێکی مێژوویی دا، گۆڤاری (کاروان) ژ (٦٧) ئابی ١٩٨٨، ل ١٩; عباس العزاوی، عشائر العراق، ج ٢، ص ١٤٤-١٤٥.
٧٤- رحلة ريج، ج١، ص ٢٤٣.
٧٥- ياسين العمري، غرائب الاثر، ص ٩٢، هەروەها : غاية المرام، ص ٢٠٦، علاء موسى كاظم نورس، حكم المماليك في العراق ١٧٥٠ -١٨٣١، بغداد ١٩٧٥، ص ١٢٧.
٧٦- ابراهيم فصيح الحيدري، عنوان المجد في بيان احوال بغداد و البصرة ونجد، بغداد ١٩٦٢، ص ١١٩.

**دەبوون،[٧٧] دەبینین لەکۆتاییەکانی ئەم سەدەیە دەوروبەری (٥٠٠٠)خێزان پێکدەهێنن بەپێی گوزارشی (مارك سایکس) کەدەڵێ مەڵبەندی سەرەکییان لەبناری چیای قەرەچوغە.[٧٨] کەواتە ئاساییە ئەگەر هۆزێکی لەو جۆرە ناوچەیەکی پان و پۆری داگیر کردبێت. بەلاّم تەنیا ئەو هۆزە کوردە لەو دەشتەدا نە دەژیا بەڵکو چەند هۆزێکی کوردی تری وەك هۆزی (شێخان) کە نزیکەی (٥٠٠) خێزان دەبوون هەر لەو ماوەیەدا لەوێ هەبوون.[٧٩]**

**ئەگەر بێینە سەر زێی بچووك و ناوچەکانی خواروو دەبێ لە پردێ (ئالتون کۆپری) یەوە دەست پێ بکەین ; سەبارەت بەو شارۆچکەیە گەریدەی ئینگلیزی (بیکنگهام) کەلە ساڵی ١٨١٦ سەردانی دەکات دەڵێ زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورك و کوردن[٨٠]. هەروەها دەتوانین بڵێین لە پردێ وە بەرەو خوار بە ئاراستەی زێ ی بچوك هەر ناوچەی کورد نشین بوو، ئەوەتا (مێجەرسۆن) کاتێك لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەرێگای ئەو زێیە لەپردێ وە بەرەو بەغدا دەچوو، دوای ماوەیەك رۆیشتن دەگاتە گوندێکی کوردان. وە دوای برینی ماوەی سێ رۆژ لەو رێگایە ئاوی یە دەگاتە زەمینێکی نیمچە چۆل کە زۆری نەماوە بگاتە (فەتحە)،[٨١]ئینجا دەڵێ ((ئێستا بەدیارکەوت کە ئێمە بەهەر حاڵێك بێت کوردو تورکمانمان لەدوای خۆمان بەجێ هێشت. . .)). بە لاّم هەر بەگوتەی خۆی لەدوای (فەتحە) ش گوندی کوردانی دێتە رێ.[٨٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زەمینی کوردان لەو دەڤەرە بەلای کەم**

---

٧٧- المنشئ البغدادي, م. س,ص٧٦.

٧٨- القبائل الكوردية, ص٣٤.

٧٩- هەمان سەرچاوە,ص٣٤-٣٥.

٨٠- رحلتي الى العراق,ج١,ص١٧٥.

٨١- فەتحە: لەنزیك خاڵی بە یەکگەیشتنی چیای حەمرینە لەگەڵ دیجلە.

٨٢- رحلة متنكر, ج١,ص١٢٣-١٢٤، ١٢٦.



**تانزیك خاڵی بەیەك گەیشتنی زێی بچوك لەگەڵ دیجلە درێژ دەبێتەوە. تەنانەت لەسەدەی حەڤدەمیش گەریدەی فەرەنسی (تاڤەرنیێ) لەو ناوە کۆچ و کۆچباری کوردانی بەرچاو کەوت.[٨٣]**

**هەر لەو دەڤەرە پێویستە لەبارەی دانیشتوانی شارێکی گرنگ بکۆڵینەوە کەجێگای کێشەیەکی گەرمە ئەویش (کەرکوك)ـە ; لەبارەی زمانی دانیشتوانی ئەم شارە (لونگریك) دەڵێ : ((ئاخاوتنی باو بەتورکییەکی کرچ و کاڵ و کوردیەکی شارەزووری یە)) وە هیچ باسی زمانی عەرەبی ناکات.[٨٤] ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوانەی بەو تورکی یە دەدوێن زۆربەیان تورکی رەسەن نەبوون بەڵکو فەرمانبەر و سەربازی عوسمانی و لەنەتەوەی جیاجیا بوون کە بۆ ئەوێ گواستراونەتەوە، یان کورد بوون و لەپێناو پلەو پایەکانیان ئەم زمانە کەزمانی رەسمی دەوڵەتی عوسمانی بوو فێر ببوون. بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش بزانین کەرکوك مەڵبەندێکی کارگێری گرنگ بوو لەو سەردەمەدا.[٨٥] زانیارییەکانی گەریدەی فارسی (المنشئ البغدادی) یش کە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٢٠ ئەمە دەسەلمێنێ کاتێ لەبارەی دانیشتوانی کەرکوك دەنووسی : ((هەموویان تورکی یەنکیجەری[٨٦] و کوردن)).[٨٧]**

---

٨٣- جان باتیست تافر نییە, العراق في القرن السابع عشر كما راه الرحالة الفرنسي تافرنییە,ت:بشير فرنسيس وكوركيس عواد ,بغداد ١٩٤٤ ,ص٧٢-٧٣.

٨٤- ستيفن همسلي لونكريك، أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث,ت:جعفر الخياط,ط٦ ,بغداد ١٩٨٥ ,ص٢٣.

٨٥- سعدي عثمان,م. س,ص٣٦.

٨٦- یەنکیجەری یان انکشاری واتە هێزی نوێ,هێزێکی سەربازی گرنگی دەوڵەتی عوسمانی بوو, کە لە سەرەتاکانی دەوڵەتی عوسمانی دامەزراو رۆڵێکی گرنگی لە مێژووی ئەو دەوڵەتە گێرا, بەلاّم دواتر تووشی گەندەڵی بوو, لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم(١٨٠٨-١٨٣٩) هەڵوەشێنرایەوە. مجموعة من المستشرقين, دائرة المعارف الاسلامية (الترجمة العربية), مج٥ , مادة الانكشارية.

**لــە سەرچــاوە مێژووییەکانیــشدا کــەرکوك لەگــەڵ وولآتــی کــوردان دەژمێردرێ.[88] بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زۆرینەی دانیشوانی کــورد بوو، تەنانەت لە(قاموس الاعلام) کـە سەرچـاوەیەکی ڕەسـەنی عوسمانیــە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی یەکانی سەدەی نۆزدەهەم هاتووە کە (٣/٤) ی خەڵکی ئەو شارە کوردن و ئـەوانی تـر تـورك و عـەرەب و هـی تـرن.[89] وە بـەر لـە (قاموس الاعلام)یش گەڕیدەیەکی بیانی بەناوی (کلیمـان) هــەمان ڕێـژەمان دەداتێ, ئەو گەڕیدەیە کاتێ لەساڵی ١٨٥٦ سەردانی شاری کەرکوك دەکـات ڕاشکاوانە دەڵێ کورد سێ لەسەر چواری دانیشتوانی شارەکە پێکـدەهێنن.[90] (مێجەرسون) یش لە سەرەتای سەدەی بیستەم تێبینی ئەوەی کرد کەخـەڵکی کەرکوك بەهەر سێ زمانی کوردی و تورکی عەرەبی دەدوێن بەلآم دەڵێ تـەنها دوو زمانەکەی یەکەم لەبازاردا بـەکاردەهێنرێن.[91] واتــە زمـانی بـاون لــە شارەکەدا.**

٨٧- رحلة المنشئ البغدادي , ص٦٤.
٨٨- هەمان سەرچاوە, ص١٦, عباس العزاوي, تاريخ العراق, مج٦, ص٢١١.
٨٩- شمس الدين سامي, م. س,مج٥, استانبول١٣١٤ رومي/١٨٩٢م, ص٣٨٤٦.
٩٠- أ. کلیمان,گەشتێك بۆ کوردستانی عوسمانی/ لەکەرکوکـەوە بـەرەو ڕەوانـدز,گۆڤـاری (گلۆب) پاریس ١٨٦٦(بەزمانی فەرەنسی). بـەوەرگرتن لـە:د. جبـار قـادر,قـضايا کردیـة معاصـــرة/ کرکـوك ـ الانفـال . الـــــکرد وترکیـا ,منـشورات ئـاراس,ط١,اربیـل ٢٠٠٦,ص١٦.
٩١- رحلة متنکر,ج١,ص١٥٨.



## چیای حەمرین و ناوچەکانی باکووری

**زنجیرە چیای حەمرین بە سنووری سروشتی و ئێتنی کوردستانی باشور لەگەڵ ناوچە عارەب نشینەکانی عێراق دادەنرێت، هەروەکو زۆربەی نووسەرو توێژیارە پەیوەندیدارەکان ئەمە دووپات دەکەنەوە.[92] هەڵبەت ئەم گووتەیە بۆ مـاوەی تايبەت بەتوێژینەوەکەش گومانی تێدا نی یە، زانیاری گەریـدە بیانییـەکان و سەرچاوە مێژوویەکانیش ئەم راستی یە دەسەلمێنن، لەپێش هەموویان گەریدەی ئینگلیزی (جیمس بیکنگهام)، ناوبراو کەلەساڵی ١٨١٦ لـە موسـڵەوە بـەڕێ کەوتبوو کاتێ گەیشتە (دەللـی عـەباس)[93] کەلـەدامێنی باشـووری چـیای حەمرینە دەڵێ لەو کاتەوەی (موسڵ) مان بەجێ هێشت تا ئێستا ئاوەدانیمـان نەبینی کە عەرەب بەتەنها تیایدا نیشتە جـێ بـن.[94] (فرایـزەر)ی گەڕیـدەی ئینگلیزیش کـاتێ لەسـاڵی ١٨٣٤ دەگاتـە کۆتـایی بەرزاییـەکانی حـەمرین دەڵێ:((ئەمە بەرزاییەکانی حەمرینە کەبەشێکن لەزنجیرەچیای حـەمرین کـە**

٩٢- بـۆ نمونـە بڕوانـە: سـي. جـي. ادمونـدز, کـرد وتـرك وعـرب,ت:جـرجيس فـتح الله, بغداد١٩٧١,ص٧، عبدالرزاق الحسني, العـراق قـديما وحـديثا, بغـداد ١٩٥٥, ص٣٣-٣٤, د.شاکر خصباك, الاکراد/دراسـة جغرافيـة اثنوغرافيـة, بغـداد١٩٧٢,ص٧" خليـل اسماعيـل محمـد, مرتفعـات حمـرين/دراسـة في جغرافيـة الحـدود, مجلـة جامعـة دهـوك ,مـج(٢) ع(٣) تموز١٩٩٩,ص٤٧٢-٤٧٣، سـلێمان عەبـدوڵڵا, چـەمك و سـنووری هـەرێمی کوردسـتانی عێراق, گوڤاری (سەنتەری برايەتی) ژ(١٤) سالی (٣) کانوونی یەکەم ١٩٩٩,ل١٢.
٩٣- ئێستا ناوی گۆڕدراوە بۆ(المنصوريه).
٩٤- رحلتي الى العراق,ج١,ص١٧٥.

لەکوردستان درێژدەبێتەوە))[٩٥] وە لەسالّی ١٨٧٠ (فریدریك میلینگن) ئەم ڕاستی یە زۆر بە ڕاشکاوی تۆمار دەکات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەزنجیرە چیای حەمرین سنووری خۆر ئاوای کوردستانی گەورەو سنووری خواروو وە خوارووی ڕۆژئاوای کوردستانی باشوور پیکدێنێ ئەگەر چی ڕەگەزی کوردان لەم بەشەدا تێکەلّ بەرەگەزی تورك و عارەبان دەبێت.[٩٦] هەروەها لەکۆتاییەکانی سەدەی ناوبراودا (شمس الدين سامی)لە باسی شارەزووردا کە سەنجەقێکی[٩٧] سەر بە ویلایەتی موسلّ بوو دەلّێ ئەم سەنجەقە کە مەلّبەندەکەی شاری کەرکوکە و دەکەوێتە نێوان زێی بادینان لەباکورو چیای حەمرین لەباشوورو سەنجەقی سلێمانی لە ڕۆژهەلاّت و ڕووباری دیجلە لە ڕۆژئاوا، زۆرینەی دانیشتوانی لە تورك و کورد پێکدێت لەگەل برێکی کەم عارەب.[٩٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو دەڤەرەی باکووری زنجیرە چیای حەمرین ڕێژەی دانیشتوانی عارەب بەبەراورد لەگەلّ کورد زۆر کەمترە. وە ئەو ژمارەیەش کەلەوێ هەیە دەگەرێتەوە بۆ تەوژمی کۆچکردنی هۆزە عارەبەکان بۆ ناوچە پڕ خێرو بێرەکانی کوردستان هەروەکو دواتر باسی لێوە دەکرێ. لەدوای هەموو ئەمانە نابێ ئەوەش لەیاد بکرێ کەلەراپۆرتی ڕسمی (کۆمەلّەی گەلان) ی

٩٥- جیمس بیللي فریزر، رحلة فريزر الى بغداد في ١٨٣٤، ت: جعفر الخياط, ط١، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٦٤، ص٦٤.

96- Fredrik Melingen,Wild live among the koords, London,1870,p148.

٩٧- سەنجەق: زاراوەیەکی عوسمانییە کەمانای (لیوا- یان- ئالاّ) دەبەخشێ, وەیەکەیەکی کارگێری بچووکتربوو لە ویلایەت. بروانە: سعدي عثمان, م. س,ص٤٩.

٩٨- قاموس الاعلام, مج٣,ص٢٨٨٨-٢٨٨٩.



تایبەت بەکێشەی موسلّ لەسالّی ١٩٢٥، چیاکانی حەمرین بە تخووبی نێوان کوردستان و ناوچە عارەب نشینەکان دادەنرێ.[٩٩]

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم مەسەلەیە دەبێ لەباری ئەتنۆگرافی ناوچەکانی سەرووی ئەم زنجیرە چیایە وورد بینەوە، ئەگەر لە (تازە خورماتوو) دەست پێبکەین کە دەکەوێتە باشووری کەرکوك دەبینین گوندەکانی ئەم ناوچەیە لەگەلّ ناوچەکانی قزلرەبات[١٠٠] و خانەقین و عەلیاوە و هەندێ ناوچەی تر، لەکۆتایی یەکانی سەدەی هەژدەم لەلایەن والی بەغداوە دراوە بە ئبراهیم پاشای بابان،[١٠١] لە یاداشتی گەرانەوەی لە ئێران و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەلّ والی ناوبراو.[١٠٢] بێ گومان ئەمەش بەلّگەیە لەسەر ئەوەی کەئەم ناوچانە کوردنشینن چونکە لەو سەر دەمەدا میرانی کورد زەوییان لەدەرەوەی کوردستان پێ نەدەدرا. لەبارەی (لەیلان) یش کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی تازە خورماتوو وە لە سالّی ١٨٢٠ لەسێ گوندی نزیك بەیەك پێکدەهات، گەریدەی فارسی (المنشئ البغدادی) دەلّێ زمانی دانیشتوانی ئەم گوندانە کوردی و تورکی یە.[١٠٣] ناوبراو هەمان زانیاریش لەبارەی (تووز خورما توو) دووبارە

٩٩- عصبة الامم, تقرير لجنة عصبة الامم لحل مشكلة ولاية الموصل, مطبعة الحكومة, بغداد ١٩٢٤,ص٣٠.

١٠٠- ئێستا ناحیەیەکە لە پارێزگای دیالە و پێی دەگوترێت (السعدیە) بەلاّم کوردەکان هەرپێی دەلّێن قزرابات. جمال بابان, م. س,ص٢٣١.

١٠١- میرێکی ناودارو بە توانای میرنشینی بابانە و بە دامەزراندنی شاری سلێمانی لە سالّی١٧٨٤ بە ناوبانگە, بۆ زانیاری زیاتر بروانە: محمد امین زکی, تاريخ السليمانية وانحائها, ت:ملا جميل الروژبياني, بغداد ١٩٥١,ص٩١, وما بعدها.

١٠٢- رسول حاوي الكركوكلي، دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء، ت: موسى كاظم نورس، مطبعة كرم، بيروت (بدون تاريخ)، ص ١٩٣.

١٠٣- رحلة المنشئ البغدادي، ص ٥٦.

**دەکاتەوە کە دەکەوێتە سەر رووباری ئاوەسپی.[١٠٤] سەبارەت بەدانیشتوانی (توزخورماتوو)سەرچاوە عوسمانییەکانیش تەنیا ئاماژە بەهەردوو ڕەگەزی کورد وتورکمان دەکەن.[١٠٥] واتە ئاماژە بە هەبوونی دانیشتوانی عارەب ناکرێت لەو ناوەدا.**

**سەبارەت بەخەڵکی (کفری) یش (المنشئ البغدادی) دەڵێ بەزمانی کوردی و تورکی دەدوێن، بەڵام بەگوتەی ئەو دانیشتوانی (قەرەتەپە) کەلەخوار (کفری) یە لەتورك وکوردو عارەب پێکدێن[١٠٦] بەڵام ئەگەر ئەوە بزانین کە هەر دوو شارۆچکەکە لەکاتی فراوانبوونی میرنشینی بابان لەناو سنووری ئەو میرنشینەدا دەبوون،[١٠٧] ئەوا دەتوانین ئەم ناوچەیە بەدەڤەرێکی کوردی لەقەڵەم بدەین، بەتایبەتی کە گوند و لادێکانی دەوروبەری ئەم دوو شارۆچکەیە بە کوردەکانەوە ئاوەدان بوو وەك گەریدەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەوەتا ناوچەی شێروانەی ڕۆژهەڵاتی کفری هەواری زستانەی هۆزی گەورەی (جاف) بوو لەساڵی١٨٢٠دا [١٠٨]. هەروەها (فرایزەر) ی گەریدەی ئینگلیزی لەساڵی ١٨٣٤ ئاماژە بە دوو گوندی کوردان دەکات لەسەر ڕێگای باشووری کفری کە ئەوانیش (ابراهیم خانچی)و (جان ڕێز) ن، وە دەڵێ ئەوەی دووەمیان مەڵبەندی سەرۆك هۆزی (دەلۆ) یە و لەگوندی یەکەمیشیان کە سەد ماڵ دەبێت سەرۆکێکی کوردی تر دادەنیشێت کەناوی نابات،[١٠٩] بەڵام دیارە سەرۆکی هۆزی (زەنگەنە) یە هەروەکو دواتر ئاماژە بەوە دەکەین. هەر چۆنێك**

---

١٠٤- هەمان سەرچاوە، ص٥٥.

١٠٥ -فەیسەل دەباغ،س .پ،ل١٠٧.

١٠٦- هەمان سەرچاوە، ص٥٢، ٥٣.

١٠٧- ادموندز، م. س، ص ٥٦.

١٠٨- ریج، م. س، ج١، ص ٧٨.

١٠٩- فریزر، م. س، ص ٤٩-٥٠، ٥٤.



**بێت هەبوونی ئەم دوو سەرۆك هۆزە لەم دوو گوندە مانای بڵاوبوونەوەی ڕۆڵەکانی هەر دوو هۆزەکە لەگوندەکانی ئەم ناوچەیە دەگەیەنێ. سەرباری ئەمەش سەرچاوە عوسمانییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم باس لەوە دەکەن کە کفری[١١٠]لەوماوەیەدا مەڵبەندی قەزایەکی عوسمانی بوو کەناحیەی (قەرەتەپە) شی لەخۆ دەگرت. وە ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە بەگشتی (١٤٠٠٠) کەس بوو، کەهەر هەموویان موسڵمان بوون و((بەزمانی کوردی وهەندێکیشیان بەزمانی تورکی)) قسەیان کردووە.[١١١]**

**هەروەها دەبێ لێرەدا ئاماژە بە (زەنگاباد) یش بکرێ کەلەسەدەی حەڤدەهەم سەنجەقێکی ئاوەدانی سەر بە ئەیالەتی بەغدا بوو،[١١٢] بەڵام بەهاتنی سەدەی نۆزدە ببووە گوندێك کەتەنیا (١٠٠) ماڵی دەگرتە خۆ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کفری.[١١٣] زەنگاباد ناوچەیەکی کورد نشینە و تەنانەت ناوەکەشی لە هۆزی (زەند)ی کوردی یەوە وەرگرتووە.[١١٤] کەلەو گوندە و چەند گوندێکی تری دەوروبەر دادەنیشن.[١١٥] بەلکو زانیاریمان بەدەستەوەیە کە زەنگاباد لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمیش هەر ناوچەیەکی کوردان بووە.[١١٦] هەر بۆیە**

---

١١٠- لەو سەردەمەدا بەفەرمی (سەلاحیە) ی پێ دەگوترا.

١١١- بڕوانە: فەیسەل دەباغ،س.پ،ل١٠٦-١٠٧.

١١٢- سعدي عثمان، م. س، ص ٦٨.

١١٣- المنشئ البغدادي، م. س، ص ٤٢.

١١٤- کوردەکانی ئەو دەڤەرە پیتی (د) دەگۆڕن بۆ (گ) ئەگەر پیتی (ن) ی لەپێش هەبێت، بۆیە (زەند ئاباد) بووەتە(زەنگاباد) کە دەکاتە (ئاوەدانی زەندییەکان).

١١٥- جمال بابان، م. س، ص ١٤٤، هەروەها بڕوانە: المنشئ البغدادی، م. س، ص ٤٢.

١١٦- شوکور مستەفا، کوردستان لەنیگای چەند گەریدەیەکی ڕۆژئاوایی یەوە، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق((دەستەی کورد)) ژ (٨)ساڵی ١٩٨١، ل ١٣٥.

لە سەدەی هەژدەو نیوەی یەکەمی سەدەی دواتر لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی بابان دابوو[117]

بەڵام لەشارۆچکەی قزلرەبات (کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی حەمرین) کوردو تورکمان بەیەکەوە نیشتە جێ بوون.[118] وە هیچ ئاماژەیەك بە هەبوونی ڕەگەزی عارەب لەو ناوچەیە بەر چاو ناکەوێت، بەڵکو (ریچ) بەراشکاوی لەم بارەیەوە دەڵێ: ((خەڵك لێرە [قزلرەبات] بە تورکی و کوردی دەئاخڤن ... کە چی عارەبی نا)).[119] بەڵام دەتوانین بڵێین کوردەکان لەو ناوچەیە زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، چونکە (المنشئ البغدادي) کە گەشتەکەی هاوکاتی گەشتی (ریچ) بوو لەم بارەیەوە زۆربەروونی دەڵێ: ((زمانی ئەو دەڤەرە کوردییەو کەمن ئەوانەی بە تورکی دەدوێن)).[120] لەسەرچاوە عوسمانییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەمیشدا لەباسی (قزلرەبات) دا هاتووە کە: ((دانیشتووانی کوردن و بەزمانی تورکیش قسە دەکەن)).[121]

هەروەها (ریچ) خۆی دواتر ئاماژە بەبڵاوبوونەوەی چەند هۆزێکی کورد لە دەشتی نیوان قزلرەبات و خانەقین دەکات.[122] دیارە هۆزی گەورەی (جاف) یش کە هەوارگەو لەوەڕگاکانیان لە باشوردا دەگەیشتە خانەقین و قزلرەبات یەکێك

١١٧- رسول الكركوكلي، م. س، ص ١٤٦، العزاوي، تاريخ العراق، مج ٦، ص ٢٥٥.
١١٨- المنشئ البغدادي، م. س، ص ٣٨. (هامش المترجم).
١١٩- رحلة ريج، ج١، ص٢٨٥.
١٢٠- رحلة المنشئ، ص ٣٩.
١٢١- بڕوانە: فەیسەل دەباغ،س.پ،ل١١٦.
١٢٢- رحلة ريج، ج١، ص ٢٨٦.



بوو لەو هۆزانە.[123] هەروەها لە سەدەکانی پێشووش چڕی دانیشتوانی کورد لەو شارۆچکەیە هەر بەرز بوو.[124]

لەکۆتایی دا بۆ سەلماندنی کوردی بوونی ناوچەکانی سەرووی چیاکانی حەمرین بەگشتی، دەتوانین سوود لە ڕاپۆرتێکی بەریتانی تایبەت بە هۆزە کوردەکان ببینین کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩، بێ گومان سەرچاوەیەکی لەم جۆرە باوەڕپێکراوە بەتایبەتی کە بۆ ئامانجی ڕامیاری و سەربازی ئامادەکرا بێت.[125] بەپێ ی ئەم ڕاپۆرتە ئەو دەشتەی دەکەوێتە نێوان چیاکانی حەمرین و ڕێگای نێوان تازەو تووزخورماتوو تا ناوچەی حەویجە کەوەك سێگۆشەیەك وایە، شوێنی نیشتەجێی کوردانی کاکەیی بوو، هۆزی (داودە)ش لەلای ئاوەسپی نزیك توز خورماتوو دادەنیشتن، وە لقێکی هۆزی (دەلۆ) لە ناوچەی کفری هەبوو، هەر ئەو ناوچەیە لەوەرزی زستاندا تیرەی میکائیلی سەر بە هۆزی (جاف) ی لەخۆ دەگرت کەلەباشوردا دەگەیشتە قزلربات، گوندەکانی ناوچەی زەنگابادیش هۆزی (زەند) ی تێدا دادەنیشت. زەنگەنەکانیش کە دوو بەشن بەشێکیان لە (ئیبراهیم خانچی) و ئەوی تریان لەنزیك کفری نیشتە جێن.[126]

هەر لەو ڕاپۆرتەی پێشوودا هاتووە کە هۆزێکی کورد بەناوی (سور میری) لە گوندەکانی دەوروبەری خانەقین ئاکنجین.[127] هەڵبەتە خانەقینیش خۆی

١٢٣- میجرسون، م. س، ج٢، مطابع التايمس، بغداد (بدون تاريخ)، ص ١٦١.
١٢٤- شوکور مستەفا، س. پ، ل ١٣٥.
١٢٥- ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن فەرمانگەی حاکمی مەدەنی بەریتانی لەبەغدا ئامادە کراوەو لەساڵی ناوبراودا لە چاپخانەی حکومەت لەبەغدا چاپکراوە، وەلەلایەن (فؤاد حمە خورشید)یش وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبیو بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: العشائر الكوردیە، بغداد ١٩٧٩.
١٢٦- هەمان سەرچاوە، لاپەرەکانی :٣٤،٤٥،٧٧،٩٠،١٤٠،١٤١،١٤٥.
١٢٧- هەمان سەرچاوە، ص ١٢٦.

**شارۆچکەیەکی کوردییە بەڵکو تەواوی دانیشتوانی لەماوەی تایبەت بەو توێژینەوەیە کورد بوون.[(١٢٨)] سەرچاوە مێژووییەکانیش زیاتر ئەمە دەسەلمێنن وە بەدیاری دەخەن کە ئەم شارۆچکەیە لە سەدەی هەژدەو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لەناو سنووری دەسەڵاتی بابان دا بوو.[(١٢٩)] هەروەها ناوچەی (بنکەدەرە) و (گۆرە توو) لە سەرووی خانەقین ناوچەیەکی کورد نشینەو تیرەیەکی هۆزی (باجەلان) کەپێی دەگوترێ (قازانلو) لەوێ دادەنیشت.[(١٣٠)]**

**پێش ئەوەی ناوچەکانی چیاکانی حەمرین بەجێ بێڵین، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێ گروپی دانیشتوانی کورد لەسەدەی نۆزدەدا لە ناوچەو شارۆچکەکانی لای باشوری ئەم زنجیرە چیایەش هەبوون ، بەتایبەتی لەشارەبان[(١٣١)] (ئێستا کراوە بە — مقدادیە)، لەوانە تیرەیەکی هۆزی (سورمیری) کە لەوێ دادەنیشت.[(١٣٢)] بەڵکو لەساڵی ١٨١٢ (شارەبان) و لەگەڵیشیدا (بەلەدروز) کەلەباشووریەتی، لە شێوەی (اقطاع) لەلایەن والی بەغداوە دراوە بەدوو میری بنەماڵەی بابان.[(١٣٣)] هەروەها لەساڵی ١٨٢٠ جوتیارانی کورد هاوشانی عارەب زەوی کشتوکاڵیان لەناوچەی دەللی عەباس دەکێلا،[(١٣٤)] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەلەو دەڤەرە هەبوونیان هەبوو.**

١٢٨- المنشئ البغدادی، م. س، ص ٤٠.

١٢٩- أحمد جودت، تاریخ جودت، أز ترتیب جدید (بە زمانی تورکی)، ج٣، مطبعة عثمانیة، استانبول ١٣٠٣ هـ، ص ٢٣٠" سلیمان فائق بك، تاریخ بغداد، ت: موسی کاظم نورس، مطبعة المعارف، بغداد ١٩٦٢، ص ١٣٦، رسول الکرکوکلي، م. س، ص٢٦٦,٢٥٧.

١٣٠- العشائر الکردیة، ص ٢٠، عباس العزاوي، عشائر العراق، ج٢، ص ١٨٣.

١٣١- المنشئ البغدادي، م. س، ص ٣٨.

١٣٢- العشائر الکردیة، ص ١٢٦.

١٣٣- رسول الکرکوکلی، م. س، ص ٢٥٨.

١٣٤- المنشئ البغدادی، م. س، ص ٥١.



## مەندەلی و بەدرەو جەسان

**لەکلکەی خوارووی زنجیرە چیای حەمرینەوە تاخوارووی شارۆچکەی جەسان لەسەدەی نۆزدە بەتەواوکەری بەشی باشووری کوردستان دادەنرێت، وە زۆر جار لەناو سنووری دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا بووە بەتایبەتی میرنشینی بابان، ئەوەتا لە سەرچاوە مێژووییەکاندا چەندەها ئاماژەمان بەرچاو دەکەوێت بە دیاری دەخات کە شارۆچکەی مەندەلی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەو سەردەمانێکی سەدەکانی پێشوو لە ژێر دەسەڵاتی میر نشینی بابان یان یەکێك لەمیرەکانی ئەو بنەماڵەیە دابوو،[(١٣٥)] بۆ هەردوو شارۆچکەی (بەدرە)و (جەسان)یش بەهەمان شێوە.[(١٣٦)] بێ گومان ئەو ناوچانەش ئەگەر بەخاکی کوردان نەژمێردرابان یان زۆرینەی دانیشتوانیان کورد نەبایە دەسەڵاتدارانی عوسمانی - کە ئەو کاتە والیەکانی بەغدا بوون — ڕازی نەدەبوون لەچوارچێوەی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی دا بن.**

**سەبارەت بە (مەندەلی) دەتوانین بڵێین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تەنها کوردی تێدا دادەنیشت، بەڵام لەسەردەمی عوسمانیدا هۆزە عارەبەکان و تورکمانەکان بەرەبەرە هاتن بۆ نیشتە جێ بوون تیایدا، کەچی هێشتا ژمارەی دانیشتوانی کورد تیایدا دیارتر بوو، کە بەهۆی نزیکی لەهەرێمی لورستان**

١٣٥- رسول الکرکوکلي، م. س، ص٢٥٨، ادموندز، م. س، ص ٥٦، عباس العزاوي، شهرزور- السلیمانیة/اللواء والمدینة، تحقیق : محمد علي القرداغي، ط١، بغداد ٢٠٠٠، ص١٩٨.

١٣٦- رسول الکرکوکلي، م. س، ص١٤٦، ریج، م. س، ج١، ص ٣١٥، ادموندز، م. س، ص ٥٦، عباس العزاوي، تاریخ العراق، مج ٦، ص ٤٦.

بەشێوەیەکی سەرەکی لەهۆزەکانی کەلهوڕ وگۆران پێکدەهاتن.[١٣٧] لەبارەی شارۆچکەی (خانەقین) یش سەرچاوە عوسمانییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم گەواهی ئەوە دەدەن کە دانیشتووانی ((بەزۆری کوردن وتورکمان وعەرەبیشی لێیە)).[١٣٨]

بەڵام وادیارە چڕی دانیشتوانی کورد لەو ناوچەیە ئەوەندە بەرز بووە کە هۆزێکی ((تورکی)) وەکو (قەرە ئۆلۆس) بە هۆی ((نیشتە جێ بوونی لە ناوچەی مەندەلی زمانی خۆی نەزانێت)) و ببێتە هۆزێکی کوردی، هەروەکو عەززاوی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت.[١٣٩]

## تەوژمی کۆچکردنی هۆزە عارەبەکان بۆ کوردستان

لەگەڵ دەست پێکردنی شاڵاوەکانی فراوانخوازی ئیسلامی لەسەدەی حەفتەمی زایینیدا، چەندەها هۆزی عارەبی هەوارەکانی خۆیان لە نیمچە دورگەی عارەبی بەجیهێشت و لە وڵات و دەڤەرەکانی دەوروبەر بڵاوبوونەوە. لەسەدەکانی دواتریش تەوژمی کۆچکردنی ئەو هۆزانە هەر بەردەوام بوولە ئەنجامی چەندین هۆکاری وەك ململانێی نێوان هۆزەکان و نەمانی لەوەڕگاو

١٣٧- محمد جميل بندي الروزبياني، بندنيجين (مندلي) في التاريخ قديما و حديثا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد)) بەرگی (٧) ساڵی ١٩٨٠، ل ٣٩٥ – ٣٩٦.

١٣٨- بڕوانە: فەیسەل دەباغ،س.پ،ل٦٦.

١٣٩- عشائر العراق، ج٢، ص ١٨٢.



ووشکەتی و سەختی ئاووهەوای بیابانی نیمچە دوورگەی عارەبی[١٤٠]. ئەو زەمینەی نێوان دیجلەو فورات لەلای سەروو کەپێ ی دەگوترێ هەرێمی جەزیرە (جەزیرەی فوراتی – الجزيرة الفراتية) بەهۆی بە پیتی خاکەکەی و زۆری لەوەڕگاکانی لە پاڵ بەرزی ڕێژەی باران بارین تیایدا، سەرنجی بەشێکی گرنگی ئەو هۆزە کۆچکردووانەی ڕادەکێشا، دواتریش ململانێ و بەیەکدادان روویدەدا لەنێوان ئەو هۆزانەو ئەوانەی دواتر روویان تێدەکرد، لە ئەنجامدا ئەو هۆزانەی کە خۆڕاگرییان پێنەدەکرا بەرەو ناوچەی تر ڕەویان دەکرد،[١٤١] کەهەندێ جار لە ڕووباری دیجلەش دەپەڕینەوەو لە ڕۆژهەڵاتی ئەو ڕووبارە دەژیان، بەم شێوەیە کوردستان دووچاری کرداری گۆرانکاری ئەتنۆگرافی سروشتی دەبۆوە، وەك لێرە بەدوا بۆمان بەدیار دەکەوێت.

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەم هۆزی عوبێد (العبيد) ی عارەبی لەژێر پاڵە پەستۆی هۆزی گەورەی شەممەر (الشمر) لەوەڕگاکانی نەجد (النجد) ی بەجێهێشت و بەرەو هەرێمی جەزیرە ڕەوی کرد، بەتێپەر بوونی کات عوبێدییەکان توانیان لەوێ شوێن پێی خۆیان بکەنەوەو لە ئەنجامدا بوونە هاوبەش و هاوسێی هەردوو هۆزی تەی (طي) و جبور (الجبور) لە ناوچەکانی جەزیرەی سەروو.[١٤٢] وە دیارە ئەم دوو هۆزەی دوایی لە

١٤٠- لەبارەی ئەو هۆکارانە بڕوانە: د. نوری خليل البرازي,البداوة والاستقرار في العراق, معهد البحوث والدراسات العربية/جامعة الدول العربية, مطبعة الجبلاوي, مصر ١٩٦٩,ص١٢١.

١٤١- هەمان سەرچاوە, ص١٢١,د. خطاب صكار العاني و د. نوري خليل البرازي, جغرافية العراق, مطبعة جامعة بغداد, بغداد١٩٧٩,ص١٢٨.

١٤٢- عماد عبد السلام رؤوف, الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك١٧٤٩-١٨٣١, اطروحة دكتوراه, كلية الاداب, جامعة القاهرة ١٩٧٦,ص٢٠١.

**سەردەمێکی زووتر هاتبوونە ئەوێ بەتایبەتی (تەی)،[١٤٣] کەتەنانەت لە ساڵی ١٧١٥ ز حەسەن پاشای والی بەغدا (١٧٠٤ – ١٧٢٣) دوای هەڵمەتێکی سەرکوتکاری بۆ سەر کوردە ئێزیدیەکانی ژەنگار, (محمد دیاب) ی شێخی ئەم هۆزەی کردە سەرداری ئەو شارۆچکەیە.[١٤٤] بێ گومان ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ زیاتر سەپاندنی بوونی ئەم هۆزە عارەبی یە لەو دەڤەرە کوردی یە. بۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمیش وەك هۆزێکی دانیشتووی سەرووی چیای ژەنگار ناوی دەبرێت.[١٤٥]**

**هۆزی (جبور) یش لەدەوروبەری سەرەتای سەدەی حەڤدە کۆچی کرد بۆ خاکی جەزیرە و لە دۆڵی فوراتی سەروو هەوارگەیان هەڵدا، وە لەدوای هاتنی هۆزی عوبێد بۆ ئەم دەڤەرە دەوارەکانی ئەم دوو هۆزە بەسەر یەکەوە لەوێوە تا ناوچەی خابوور درێژ دەبۆوە[١٤٦]. سەرچاوە مێژووییەکانیش بەڵگەی هەبوونی هۆزی عوبێد لە ناوچەی خابوور لە کۆتایی سەدەی**

١٤٣ـ کۆنترین ئاماژە بۆ هۆزی (تەی) لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی حەڤدەهەم, بڕوانە: ئەولیا چەلەبی, س. پ. ل٧٨,هەروەها بڕوانە: یاسین العمري, زبدة الاثار,ص٧٤-٧٥.

١٤٤- محمد بن مصطفى الملاطيوي, تاريخ راشد افندي (بەزمانی توركی) القسطنطينية ١٧٤٠,ج٢,ص١٢١,نظمي زادة مرتضى افندي,گلشن خلفا, ت:موسى كاظم نورس, مطبعة الاداب,النجف١٩٧١,ص٣٢٩.

١٤٥- ياسين العمري,غرائب الاثر, ص٢١,أبي طالب خان,م. س,ص٣٥٣.

١٤٦- ابراهيم الحيدري, م. س,ص١٠٨, عماد عبد السلام,م. س,ص٢٠٢-٢٠٣. شایانی باسە هەندێ تیرەی سەر بەم هۆزە ناوبراوانە لەدەم و کاتی تردا کۆچیان کرد بۆ شوێنی تری عێراقی ئێستا, بەڵام ئێمە لێرە تەنها ئەو هۆزو تیرانە باس دەکەین کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە.



**هەژدەو سەرەتای سەدەی دواتر بەدەستەوە دەدەن.[١٤٧] بەڵام نەخشەی هۆزەکان بەم شێوەیە نەمایەوە و جێگۆڕکێی ئەم هۆزانە لەماوەی داهاتوودا زیاتر لەسەر حیسابی ناوچەکانی کوردستان بوو. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم تەوژمێکی گەورەی کۆچکردنی هۆزی شەممەر لەڕۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی عارەبییەوە دەستی پێکرد، ئەم هۆزە عارەبییە بەهۆی نەهاتی و کردە سەربازییە توندو تیژەکانی وەهابییەکان ناوچەکانی خۆی بەجێهێشت و بەرەو دەشتاییەکانی ژەنگار ڕەوی کرد. ئەم پێشهاتە کاریگەرییەکی بەهێزی کردە سەر بارودۆخی هۆزایەتی ئەو دەڤەرە، چونکە شەممەرییە کۆچکردووەکان کەوتنە بەیەکدادان لەگەڵ تیرەیەکی سەر بە هۆزەکەیان بە ناوی (ئەلسایح- الصایح) کەپێش ئەوان هاتبووە ئەوێ، لە ئەنجامدا ئەم تیرەیە لە ڕووباری دیجلە پەڕییەوە بۆ ئەوەی ناوچەی حەویجە بکەنە هەوارگەی خۆیان. هەروەها ئەو هاوپەیمانێتییەی هۆزەکانی (عوبێد) و (تەی) و (جبور) پێکیان هێنابوو نەیتوانی خۆی لەبەرامبەر لێشاوی شەممەرییەکان ڕابگرێت و ئەو دەڤەرەیان بۆ ئەوان بەجێهێشت.[١٤٨]**

**هۆزی (تەی) بۆ باکووری ڕۆژئاوای ژەنگار ڕەڤین[١٤٩]، بەڵام بەشێکیان لەڕۆژئاوای دەشتی هەولێر لە ناوچەکانی قەراج و شەمامك نیشتە جێ بوون و لەگەڵ هۆزە کوردەکانی ئەوێ تێکەڵاویان پەیدا کرد، بە تایبەتی لەگەڵ**

١٤٧- احمد جودت,م. س,ج٣,ص٢٣١,رسول الكركوكلي,م. س,ص٢٣٠,ياسين العمري,زبدة الاثار,ص١٧٥ هەروەها:غاية المرام, ص٢٠٨.

١٤٨- عماد عبد السلام,م. س,ص٢٠٤-٢٠٥,مارك سايكس,م. س,ص٩٦-٩٧(هامش المراجع د. عبدالفتاح).

١٤٩- عماد عبد السلام,م. س,ص٢٠٥,إبراهيم خليل احمد, الحياة الاجتماعية في ولاية الموصل, مجلة(المؤرخ العربي) ع (٣٩),١٩٨٩,ص٢٨.

**هۆزی شێخان و دزەییەکان[١٥٠]. هەرچەندە ئەمانەی دوایی ببونە بەربەست لەبەردەم پەلهاویشتنیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەم دەشتە، بەڵکو دواتر لەبەردەم دزەییان لە پاشە کشە دا بوون بەرەو ڕۆژئاوا.[١٥١]**

**جبورییەکانیش بۆ ناوچەی خابور کۆچیان کرد، هەروەها لە ناوەڕاستی ڕووباری دیجلە لەنێوان موسڵ و سامەڕڕا بڵاوبوونەوە[١٥٢]،وە بەشێکیان لەو ڕووبارە پەڕینەوەو لە باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی نێوان هەردوو زێ ی بادینان و بچووك نیشتەجێ بوون.[١٥٣] دیارە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش هەر لەو ناوچەی دوایی ماون بۆیە شوێنەوارناسی بەریتانی (سیر والیس بدج) لە ساڵی ١٨٨٩ ئاماژە بەگوندێکی عارەبی جبور دەکات لەنزیك ڕێژگەی زێی بادینان.[١٥٤] هەروەها بەپێی زانیارییەکانی (سۆن) ئەو هۆزە عارەبییە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەنزیك ڕێژگەی زێی بچوکیش هەبوون.[١٥٥] هۆزی (عوبێد) یش لە دیجلە پەڕینەوەو لە ناوچە کوردییەکانی باشووری ڕۆژئاوای کەرکوك و حەویجە هەوارگەیان هەڵدا, هەروەها لە نێوان تکریت و کفری هەبوونیان هەبوو.[١٥٦] شایانی باسکردنە ئەم هۆزەی دوایی بەهۆی کۆچکردنەکەی پاڵەپەستۆی خستە سەر هۆزی**

١٥٠- یاسین العمري, غرائب الاثر,ص٨٧, إبراهیم الحیدري,م. س,ص١٦٥, مارك سایكس, م. س,ص٣٥,ص٩٧ (هامش المراجع).

١٥١- عباس العزاوي, عشائر العراق, ج٢,ص١٤٥,سعدي عثمان,م,س,ص١٢٥.

١٥٢- عماد عبد السلام,م. س, ص٢٠٥, إبراهیم خلیل احمد, م. س, ص٢٨.

١٥٣- عماد عبد السلام,م. س, ص٢٠٦-٢٠٧,دیارە لەوێ لەنزیك دزەییان بوون بۆیە تێکەڵاوی ژنخوازییان لەگەڵدا کردن, مارك سایكس, م. س,ص٣٤.

١٥٤- رحلات الی العراق, ج١,ص٣٥١.

١٥٥- رحلة متنكر, ج٢,ص١٢٤.

١٥٦- إبراهیم خلیل,م. س,ص٢٨, نوري البرازي,م. س,ص١٢٣, مارك سایكس, م. س, ص٩٧ (هامش المراجع).



**(داودە)ی کوردی وناچاری کرد هەوارگەی خۆی لەو دەڤەرانەی سەرووی چیاکانی حەمرین بەجێ بهێڵێ.[١٥٧]**

**سەرەڕای ئەمانەی باسکران هەندێ هۆزو گروپی دانیشتووانی عارەبی تا ئەو ڕاددەیە سنووری ئەتنۆگرافی کوردستانیان بەزاند کە بەرەو ناوجەرگەی ناوچە کوردنشینەکان پەل و پۆیان دەهاویشت, ئەوەتا (المنشئ البغدادی) لە ساڵی ١٨٢٠ هەرچەندە دەڵێ ناوچەی (خڕلەیلان) کە لە ناحیەی(قەرەحەسەن)ـە هەموو دانیشووانی کوردن, بەلاّم ئاماژە بە هەبوونی دوو هۆزی عارەبی بەناوی (الرواشد)و(المجمع)دەکات کەلەوێ بوون.[١٥٨] هەروەها (مێجەرسۆن) لەڕێگای نێوان پردێ وکەرکوك چاوی بە هەندێ عارەب کەوت دروێنەی جۆیان دەکرد,[١٥٩] کە بێ گومان ئەمانە لە ناوچەی (حەویجە)ـەوە بەرەو ئەوێ پەلیان هاوێشتبوو.**

**لە سەدەی بیستەم حکومەتی عێراقی هاموشۆ کردنی ئەم هۆزە عارەبانەی بۆ ناوچە کوردیەکان قۆستەوە لە پێناو پیادەکردنی سیاسەتی عارەباندن, وەبە بیانووی دامەزراندنی هۆزە کۆچەرەکان ژمارەیەك لەو هۆزە عارەبانەی لە ناوچە کوردنشینەکان جێنشین کرد. ئەوەتا هەر لەو ساڵەی کەحکومەتی عێراقی تێدا دامەزرا (١٩٢١) دەستکرا بە دا بەشکردنی زەوییەکانی دەشتایی باشوورو باکووری ژەنگار بەسەر هۆزی شەمەر بۆ نیشتەجێ بوون تیایدا, کەئەمەش بووە هۆی فراوانبوونی زەوییەکانی ئەم هۆزە. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٨ ئەو زەمینەی نێوان ژەنگارو تەلەعفەر**

١٥٧- د. كمال مظهر احمد, كركوك وتوابعها حكم التاریخ والضمیر/دراسة وثائقیةعن القضیة الكردیة في العراق,ج١ ,مطبعة رینوین ,(د. م) (د. س),ص٧٩.

١٥٨- رحلة المنشئ البغدادي,ص٥٧.

١٥٩- رحلة متنكر, ج٢, ص١٥٦.

**تەرخان کرا بۆ نیشتەجێ کردنی عارەبە کۆچەرەکان[١٦٠]. وە کرداری ڕێکخراوتری نیشتەجێ کردنی عارەب لەو دەڤەرانە لە ماوەی نێوان سالأنی ١٩٥١-١٩٦٥دا لە ئارادابوو.[١٦١] هەروەها لەسییەکان وچلەکانی هەمان سەدە لەڕێگەی (پڕۆژەی حەویجەی ئاودێری) چەند هۆزێکی عارەب لەناوچەکانی حەویجە ودەوروبەری نیشتەجێ کران بەتایبەتی هۆزەکانی (الجبور) و (العبید)[١٦٢] وە(البوحمدان), وە بۆ ئەم مەبەستە سەدەها کیلۆمەتر زەوییان بۆ تەرخانکرا ولە ئەنجامدا دەیەها گوندی عارەب نشین لەماوەی چەند ساڵێکدا لەو دەڤەرانە پەیدابوون.[١٦٣] بەم شێوەیە پرۆسەی بەشارستانی کردنی کۆچەرەکان لەسەر حیسابی خاکی کوردستان بەڕێوە دەچوو.**

**سەرەڕای ئەم هەوڵانەش هێشتا ڕێژەی دانیشتوانی عارەب لەهەندێ ناوچەی کوردی لەو ئاستەدانەبوو کەحکومەتی پاشایەتی عیراق بەپێویستی دەزانی بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەعارەبکردن لەو ناوچانە,بەتایبەتی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری. ئەوەتا بەڵگەنامەیەکی فەرمی حکومەتی عیراقی کەدەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٩ ئەم ڕاستییە دەردەخات کاتێك دەڵێت: ((زۆربەی هەرەزۆری عارەبەکانی کەرکوك لەو هۆزە دواکەوتووانەن کەلەدامێنی باشووری ڕۆژئاوای لیواکە(لیوای کەرکوك) ئاکنجن، ئەمانیش پێنج هەزار جبوری و هی ترن لەسەر زێی بچووك (ناحیەی مەلحە), وە شەش هەزار عوبێدی لەچیای حەمرین (ناحیەی الشبیجە). هەروەها ژمارەیەك عارەبی نیشتەجێ لەبەشی ئەوپەڕی باشووری ناحیەی قەرەتەپە هەن کە**

١٦٠- د. نوري البرازي,م. س,ص١٢٨.

١٦١- خطاب صکار,م. س,ص١٢٨-١٢٩.

١٦٢- ادموندز,م. س , ص٢٤٨-٢٤٩.

١٦٣- بۆ زانیاری وورد لەم بارەیەوە بڕوانە:د. جبار قادر,م. س,ص٥٧.



**شایانی باسکردنن ,ئەوانیش بریتین لەپێنج هەزار کەس لەعەشیرەتەکانی (القرویە ـــــ الکرویە )و هی تر. وەئەو عارەبانەش ئەوەندە دوورن بەجۆرێك کەناتوانرێ لەڕووی سیاسییەوە بەکار بهێنرێن بۆ کارکردنەسەر ڕای لیواکە. وە لەلیوای کەرکوکیش هەروەکو هەولێر گروپێکی پێشکەوتووی عارەب هەبوونی نییە کە خەڵکی شار بن بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەسترێ بۆ بەعارەبکردنی لیواکە)).[١٦٤]**

١٦٤- دار الکتب والوثائق ,الوحدة الوثائقیة: ملفات البلاط الملکي , التسلسل العام (١٣٢/ وع) ,رقم الملف: د/٧,موضوع الملف:القضایا الکردیة, ص١٥,الوثیقة رقم١. بەوەرگرتن لە:د.کمال مظهر, م. س,ص٧٨.

## دەرەنجام

له ئەنجامی ئەم تۆیژینەوەیە دەتوانین سنووری ئێتنی کوردستانی باشوور له گەڵ ناوچە عارەب نشینەکان له سەدەی نۆزدەهەم بەم شێوەیە دیاری بکەین؛ هێڵێك به باشووری ژەنگاردا تێدەپەڕێ کە مەڵبەندێکی سەرەکی کوردە ئێزیدییەکانە, بۆ باشووری تەلەعفەر کەلەوێ ڕەگەزی کورد لەگەڵ تورکماندا تێکەلاّو دەبێت, بەلاّم تویێژینەوەکە پیشانیدا کە ناوچەکە بەگشتی چڕی دانیشوانی کوردی تێدا بەرزترە. لەوێوە هێڵەکە بۆ ڕووباری دیجلە دەچێت لە سەرووی موسڵ کە ژمارەیەك گوندی کوردانی دەگرتە خۆ. بەڵکو له شاری موسڵیش ڕێژەیەکی دیاری کورد هەبوو کە نزیکەی (١/٣)ی کۆی دانیشوان بوو. لە باکوور و ڕۆژهەلاّتی موسڵ هێڵەکە لە شێوەی کەوانەیەکی بادەداتەوە تا دەگاتە ڕێژگەی زێی بادینان لەسەر دیجلەو بە تلکێف و بەعشیقەدا تێدەپەڕێ, بۆ ئەوەی ناوچەکانی قۆش و شێخان و چیای مەقلوب وعەشایر سبعە لەخۆ بگرێت. ئنجا لەگەڵ ڕێرەوی دیجلە بۆفەتحە دەچێت ولەوێوە زنجیرە چیای حەمرین وەکو رووباری دیجلە دەبێتە سنوورێکی سرووشتی وئێتنی ناوچە کورد نشینەکان, تا دەگاتە باشووری قزلرەبات. چونکە تویێژینەوەکە سەلماندی کە ناوچە دەشتاییەکەی باشوورو ڕۆژئاوای هەولێر مەڵبەندی نیشتەجێیی چەندین هۆزی کورد بوون. لە باکووری حەمرینیش ڕێژەی دانیشتوانی کورد بەرز بوو کە ناوچەکانی



کەرکوك و حەویجەو تازەو توز خورماتوو لەیلان وکفری و زەنگاباد و قزلرەبات دەگرێتەخۆ , هەرچەندە دانیشتووانی تورکمان و کەمێکیش عارەب لەو دەڤەرەدا دادەنیشتن. لە بەرامبەر ئەوەشدا برێك خەڵکی کورد لەسەرووی دەللی عەباس و لە شارەبان هەبوون. لە کلکەی خوارووی حەمرینیشەوە تا شارۆچکەی جەسان بە تەواوکەری بەشی باشووری کوردستان دادەنرێ کە شارۆچکەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان دەگرێتەوە.

هەروەها تویێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە سەدەی نۆزدە و ماوەیەك پێشووتر, ناوچە تخووبیەکانی کوردستان دووچاری کردارێکی سروشتی عارەباندن بۆوە, لە ئەنجامی کوچکردنی ژمارەیەك هۆزی عارەب (وەك: تەیو شەممەر و جبور و عوبێد) بۆ ئەو ناوچانە. بە تایبەتی باکووری ژەنگار و ناوچەی خابوور و باشوور و ڕۆژئاوای دەشتی هەولێر و ناوچەکانی سەرووی حەمرین.

# لیستی سەرچاوەکان

یەکـەم: بەڵگەنامەکان

دووەم : کتێبەکان

سێیـەم: نامە زانکۆییەکان

چوارەم: توێژینەوە و وتارەکان

## ليستى سەرچاوەكان

### یەکەم: بەڵگەنامەکان:

#### ا- بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:


1-Başvekalet Arşhiv Dairesi:

Tapu Defteri,no. 660 Musul.

(دانەیەکی کۆپی کراو کە لە کتێبخانەی خوێندنی باڵای کولیژی ئاداب لەزانکۆی بەغدا لە ژێر ژمارەی ١٢٥٣ پارێزراوە).

2- Başvekalet Arşhiv Dairesi:

Tapu Defteri,no. 195 Musul.

(لەهەمان کتێبخانەی پێشوو بە ژمارەی ١٢٥٢ پارێزراوە)


#### ب- بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:


٣- دائرة الحاكم المدني البريطاني:

العشائر الكوردية , ت:فؤادحمه خورشيد,بغداد ١٩٧٩.

٤- سالنامهء ولايت موصل ١٣٠٨هـ , مكتوبي ولايت سعادتلو حسن توفيق افندي معرفتيله ترتيب او لنمشدر.

٥- عصبة الامم:

تقرير لجنة عصبة الامم لحل مشكلة ولاية الموصل, مطبعة الحكومة , بغداد١٩٢٤.




### دووەم : کتێبەکان:

#### أ- بە زمانی تورکی:


٦- أحمد جودت:

تاريخ جودت, أز ترتيب جديد, ج٣, مطبعة عثمانية, أستانبول ١٣٠٣ هـ.

٧- أحمد واصف:

محاسن الاثار وحقائق الاخبار, ج١, مطبعة بولاق, القاهرة ١٢٤٦هـ.

٨- شمس الدين سامي:

قاموس الاعلام, مهران مطبعة سي, مج٣، استانبول, ١٣٠٦ رومي/١٨٨٩ز,مج٥, ١٣١٤رومي /١٨٩٢ز.

٩- محمد بن مصطفى الملاطيوي:

تاريخ راشد افندي, ج٢، القسطنطينية,١٧٤٠م.


#### ب- بەزمانی عەرەبی:


١٠- ابراهيم فصيح بن صبغة الله الحيدري:

عنوان المجد في بيان احوال بغداد والبصرة ونجد,بغداد١٩٦٢.

١١-ابن خلدون,

مقدمة ابن خلدون,دار الشعب,القاهرة (د. ت).

١٢- ابي طالب خان:

رحلة ابي طالب خان الى العراق واوروبة سنة ١٢١٣هـ/١٧٩٩م,ت:د. مصطفى جواد, مطبعة الايمان,بغداد (بدون تاريخ)

١٣- اسماعيل بك چول:

اليزيدية قديما وحديثا, تحقيق: د. قسطنطين زريق, المطبعة الامريكانية , بيروت ١٩٣٤.

١٤- اوليفييه:
رحلة اوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦, ت: يوسف حبي, مطبعة المجمع العلمي العراقي, بغداد١٩٨٨.
١٥- ب. م. دانتسيغ،
الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمة وتعليق:د. معروف خزندار، بيروت ١٩٨١.
١٦-جان باتيست تافرنييه:
العراق في القرن السابع عشر كما رآه الرحالة الفرنسي تافرنييه, ت: بشير فرنسيس وكوركيس عواد, بغداد ١٩٤٤.
١٧- د. جبار قادر:
قضايا كردية معاصرة / كركوك – الانفال – الكرد وتركيا, منشورات ئاراس,ط١,اربيل ٢٠٠٦.
١٨- جمال بابان:
اصول اسماء المدن و المواقع العراقية, ط٢,بغداد١٩٨٦.
١٩- جيمس بيكنغهام:
رحلتي الى العراق سنة ١٨١٦,ت:سليم طه التكريتي,ج١,مطبعة دار البصري,بغداد١٩٦٩.
٢٠- جيمس بيللي فريزر:
رحلة فريزر الى بغداد في ١٨٣٤,ت:جعفر الخياط,ط١,مطبعة المعارف,بغداد١٩٦٤.
٢١- د. خطاب صكار العاني و د. نوري خليل البرازي:
جغرافية العراق, مطبعة جامعة بغداد , بغداد ١٩٧٩ .



٢٢- رسول حاوي الكركوكلي:
دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء ,ت:موسى كاظم نورس,مطبعة كرم, بيروت(بدون تاريخ).
٢٣- ستيفن همسلي لونكريك:
اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث, ت:جعفر الخياط,ط٦ بغداد ١٩٨٥.
٢٤- سليمان فائق بك:
تاريخ بغداد ,ت:موسى كاظم نورس,مطبعة المعارف,بغداد١٩٦٢.
٢٥- سي. جي. ادموندز:
كرد وترك وعرب, ت : جرجيس فتح الله , بغداد ١٩٧١.
٢٦- سير واليس بدج :
رحلات الى العراق,ت:فؤاد جميل,ط١,ج١,مطبعة دار الزمان,بغداد١٩٦٦.
٢٧- د. شاكر خصباك:
الاكراد/ دراسة جغرافية اثنوغرافية, بغداد ١٩٧٢.
٢٨- ________:
العراق الشمالي/دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية, بغداد ١٩٧٣.
٢٩- صديق الدملوجي:
امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية, ط٢, مراجعة وتقديم, د. عبدالفتاح علي يحيى, اربيل١٩٩٩.
٣٠- عباس العزاوي:
تاريخ العراق بين الاحتلالين, مج٦, بغداد١٩٥٤.

٣١- ـــــــــــ:
شهرزور-السليمانية/اللواء والمدينة, تحقيق:محمد علي القرداغي, ط١,بغداد ٢٠٠٠.

٣٢- ـــــــــــ:
عشائر العراق, ج٢الكردية, بغداد١٩٤٧.

٣٣- عبدالرزاق الحسني:
العراق قديما وحديثا, بغداد ١٩٥٥.

٣٤- علاء موسى كاظم نورس:
حكم المماليك في العراق١٧٥٠-١٨٣١,بغداد ١٩٧٥.

٣٥- كلوديوس جيمس ريج:
رحلة ريج في العراق عام١٨٢٠,ت:بهاءالدين نوري,ج١,بغداد ١٩٥١.

٣٦- د. كمال مظهر احمد:
كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير/دراسة وثائقيةعن القضية الكردية في العراق,ج١ ,مطبعة رينوين ,(د. م) (د. س).

٣٧- مارك سايكس:
القبائل الكوردية في الامبراطورية العثمانية,ت:د. هوراز سوار علي,تقديم ومراجعة:د. عبدالفتاح علي يحيى, دهوك٢٠٠٢.

٣٨- محمد بن احمد الحسيني المنشئ البغدادي:
رحلة المنشئ البغدادي, ت:عباس العزاوي,بغداد١٩٤٨.

٣٩- محمد امين زكي:
تاريخ السليمانية وانحائها,ت:ملا جميل الروژبياني بغداد١٩٥١.

٤٠- مجموعة من المستشرقين:
دائرة المعارف الاسلامية(الترجمة العربية),مج٥,مادة الانكشارية.



٤١- ميجرسون:
رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان, ت:فؤاد جميل,ط١,ج١(بغداد ١٩٧٠)ج٢(بغداد-بدون تاريخ).

٤٢- نظمي زاده مرتضى أفندي:
گلشن خلفا,ت:موسى كاظم نورس ,مطبعة الاداب,النجف١٩٧١.

٤٣- د. نوري خليل البرازي:
البداوة والاستقرار في العراق, معهد البحوث والدراسات العربية, مطبعة الجبلاوي, مصر١٩٦٩.

٤٤- ياسين العمري:
زبدة الاثار الجلية في الحوادث الارضية, انتخب زبدته:د. داود الچلبي, تحقيق:عماد عبدالسلام رؤوف, مطبعة الاداب, النجف ١٩٧٤.

٤٥- ـــــــــــ:
غاية المرام في تاريخ محاسن بغداد دار السلام, بغداد١٩٦٨.

٤٦- ـــــــــــ:
غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر,الموصل ١٩٤٠.

٤٧- ياقوت الحموي(شهاب الدين ابي عبدالله):
معجم البلدان, مج١, دار صادر, بيروت(د. ت).

**ج- بەزمانی کوردی:-**

٤٨- ئەولیا چەلەبی:
کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا یان (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی)و: ناکام, بغداد١٩٨٨.

٤٩- شرفخانی بدلیسی:
شرفنامە, و: هەژار,بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد,چاپخانەی نعمان,نەجەف ١٩٧٢.
٥٠- عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان:
ڕەوشی کوردان /مێژووی کوردستان, و:کەریمی حێسامی ,چ١, سوید ١٩٩١
٥١ـ فەیسەل دەباغ (وەرگێڕان):
کوردستان لەچاپکراوە عوسمانلییەکاندا ،دەزگای ئاراس ،هەولێر٢٠٠٤.

**د- بەزمانی ئینگلیزی:**

52-Fredrik Melingen;
Wild Live among the koords, London, 1870.

**سێیەم: نامە زانکۆییەکان:**

٥٣- سعدي عثمان حسين:
كوردستان الجنوبية وايالتا بغداد و الموصل/دراسة في العلاقات السياسية والادارية والاقتصادية في القرنين السابع عشر والثامن عشر,اطروحة دكتوراه, كلية الاداب, جامعة صلاح الدين-اربيل,٢٠٠١.
٥٤- عبدربه سكران ابراهيم الوائلي:
اكراد العراق١٨٥١-١٩١٤,اطروحة دكتوراه, كلية الاداب, جامعة القاهرة ١٩٨٧.



٥٥- علي شاكر علي:
ولاية الموصل في القرن السادس عشر, اطروحة دكتوراه, كلية الاداب, جامعة الموصل١٩٩٢.
٥٦- عماد عبدالسلام رؤوف:
الحياة الاجتماعية في العراق ابان عهد المماليك١٧٤٩-١٨٣١, اطروحة دكتوراه, كلية الاداب,جامعة القاهرة١٩٧٦.
٥٧- كاوه فريق اميدي:
امارة بادينان١٧٠٠-١٨٤٢, رسالة ماجستير,كلية الاداب, جامعة صلاح الدين-اربيل١٩٩٨.

**چوارەم: توێژینەوە و وتارەکان**

**ا- بە زمانی عەرەبی:**

٥٨- ابراهيم خليل احمد:
الحياة الاجتماعية في ولاية الموصل, مجلة(المؤرخ العربي) ع(٣٩)١٩٨٩.
٥٩- د. خليل اسماعيل محمد:
مرتفعات حمرين/دراسة في جغرافية الحدود, مجلة جامعة دهوك, مج(٢) ع (٣) تموز١٩٩٩.
٦٠- عبد الفتاح علي يحيى (ترجمة و تقديم):
الكورد وكوردستان في رسائل الفيلد مارشال هيلموت فون كارل مولتكه, مجلة(الاديب الكردي/نووسه ري كورد) ع(٤)بغداد, تموز١٩٩٢.

٦١- محمد جميل بندي الروژبياني:
بندنيجين(مندلي)في التاريخ قديما و حديثا, گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی كورد" بەرگی (٧) بەغدا، ساڵی١٩٨٠.

ب- بەزمانی كوردی :

٦٢- خەسرۆ گۆران:
بوونی كورد لەپارێزگای نەینەوا(موسل)دا,بەشی یەكەم,گۆڤاری(سەنتەری برایەتی), ژ(٨) هەولێر، تشرینی یەكەم ١٩٩٨.

٦٣- سلێمان عەبدوللاّ:
چەمك وسنووری هەرێمی كوردستانی عێراق, گۆڤاری (سەنتەری برایەتی), ژ(١٤)ساڵی (٣) هەولێر، كانوونی یەكەم ١٩٩٩.

٦٤- شوكور مستەفا:
كوردستان لە نیگای چەند گەریدەیەكی ڕۆژئاواییەوە, گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی كورد"ژ(٨), بەغدا، ساڵی١٩٨١.

٦٥- كەریم شارەزا:
كورتەیەكی مێژووی دزەییان لە دەستنووسێكی مێژووییدا, گۆڤاری (كاروان) ژ(٦٧) هەولێر، ئابی ١٩٨٨.





## *Abstract*

## THE SOUTHERN BORDER OF SOUTHERN KURDISTAN IN THE NINETEENTH CENTURY

IN THE LIGHT OF THIS RESEARCH WE CAN IDENTIFY THE ETHNIC BORDER OF SOUTHREN KURDISTAN AND ARAB INHABITED AREAS IN THE NINETEENTH CENTURY AS FOLLOWS : A BORDER LINE PASSES FROM SOUTH OF ZHANGAR TO SOUTH OF TALAFAR. THE LINE THEN GOES AS FAR TO THE TIGRIS RIVER AT THE HEAD OF MUSIL CITY,WHICH USED TO BE SETTLEMENT FOR MANY KURDISH VILLIAGES EVEN IN MUSIL THE KURDS CONSTITUTED 3/1 OF THE POPULATION. IN THE NORTH AND THE EAST OF MUSIL CITY ,THE BORDER LINE APPEARS AS AN EXTERNAL CURVE TILL IT REACHES THE BOUNDERY OF BADINAN LAKE ON THE AREAS OF QOSH ,SHEKHAN MAQLUB MOUNTAIN ,AND THE SEVEN TRIBES. THEN IT GOES ALONG THE TIGRIS TO REACH FATHA. FROM THERE THE HAMREEN MOUNTAIN SERIES LIKE THE TIGRIS BECOMES A NATURAL AND ETHNIC BORDER OF THE KURDISH INHABITTED AREAS UNTIL IT REACHES QSLARABATIN THE NORTH OF HAMREEN THE PERCENTAGE OF KURDISH POPULATION WAS HIGHINCLUDING KIRKUK ,HAWIJA, TAZA, TUZKHARMATU, LAYLAN, KIFREE, ZANGABAD, QZLARABAD; THOUGH SOME

TURKUMANS AND ARABS SETTLED IN THE AREA. SOME OTHER KURDISH PEOPLE INHABITED THE UPPER DALI-ABBAS AND SHARBAN. THE LOWER FOOT OF HAMREEN UP TO THE JASSAN TOWN COMPLEMENTS THE SOUTHERN KURDISTAN BOUNDERY INCLUDING KHANAQEEN, MANDALI, BADRA AND JASSAN.

BESIDES, THE RESEARCH CONCLUDES THAT IN THE NINETEENTH CENTURY AND EARLIER THE BORDER-LINE AREAS OF KURDISTAN UNDERWENT A PROCESS OF ARABIZATION RESULTING FROM THE MIGRAHON OF SOME ARABIC TRIBES SUCH AS TAI, SHAMMER,JUBUR , ANDOBED TO THOSE AREAS; ESPECIALLY TO THE NORTH OF ZHANGAR, KHABUR AREA, THE SOUTH AND WEST OF ARBIL FIELD AS WELL AS THE UPPER AREAS OF HAMREEN.

----------------------------------------

**ملخص البحث باللغة العربية**

**(الحدود السفلى لكوردستان الجنوبية فى القرن التاسع عشر)**

وفقاً لمعطيات هذا البحث الذي يستند اساساً الى الوثائق التاريخية والمصادر الاصلية اضافة الى معلومات الرحالة الاجانب، يمكن رسم الحدود الاثنية بين مناطق كوردستان الجنوبية والمناطق العربية على شكل خط يمر بجنوب (سنجار) الى جنوبي (تلعفر) حيث يختلط العنصرين الكوردي والتركماني، و لكن البحث اثبت غلبة الكثافة السكانية الكوردية فيها، ويلتقي الخط بنهر دجلة في شمالي (الموصل) حيث كانت



المنطقة تضم عدداً من القرى الكوردية. بل ان المدينة ذاتها كانت تحتوي نسبة لاباس بها من السكان الكورد وهي نسبة ٣/١ من مجموع سكان المدينة ذاتها. وفي شمال وشرقي الموصل يتخذ الخط شكل قوس خارجي حتى يصل الى نقطة التقاء الزاب الكبير بنهر دجلة ماراُ ب(تلكيف) و(بعشيقة) لتضم في داخلها مناطق(القوش) و(الشيخان) وجبل مقلوب ومنطقة (العشائر السبعة)، ثم يتوجه مع مسار دجلة باتجاه (الفتحة) حيث تشكل مرتفعات حمرين مع نهر دجلةحدوداً طبيعية واثنية للمناطق الكوردية حتى تصل الى قزلرباط(السعدية). اذ كانت الكثافة السكانية الكوردية غالبة فى شمال حمرين حيث تضم (كركوك) و(حويجة) و(تازه خورماتو) و (توزخورماتوو) و(ليلان) و(كفري) و (زنگاباد) و(قزلرباط)، وذلك رغم تواجد نسبة لاباس بها من السكان التركمان و نسبة اقل من القاطنين العرب، ومقابل ذلك كانت هناك بعض الجماعات الكوردية فى شمال (دللي عباس ـ المنصورية) وفى (شهربان). ومن النهايات الجنوبية لجبال حمرين حتى بلدة (جسّان) يعتبر جزءاً مكملاً لجنوب كوردستان، فتشمل بلدات (خانقين) و(مندلي) و(بدرة) و(جسّان).

وكذلك استنتج البحث بان مناطق التخوم الكردية قد تعرضت لعملية تعريب طبيعية خلال القرن التاسع عشر، جراء هجرات بعض القبائل العربية (مثل:طى وشمّر والجبور والعبيد)وخاصة المنطقة الواقعة شمال سنجار ومنطقة الخابور و جنوب وغربي سهل اربيل وشمال جبال حمرين.

# پاشكۆكان

## پاشكۆی ژماره (١)


كركوك | كردستانك موصل ولايتنده و
موصلك ١٦٠ كيلومتره جنوب
شرقيسنده وبر صره تپه‌لرك آلتنده اوله‌رق واسع
بر اوومنك كنارنده و (وادى ادهم) اوزرنده‌شهر
زور سنجاغنك مركزى برشهراولوب، ٣٠٠٠٠
اهاليسى، قلعه‌سى، ٣٦ جامع ومسجدى، ٧ مدر.
سه‌سى، ١٥ تكيه‌وزاويه‌سى، ١٢ خانى، ١٢٨٢
مغازه و دكانى، بدستانى ٠ ٨ حمامى، نهرك اوزرنده
بر كوپريسى، بر رشديه و ١٨ صبيان مكتبى، ٣
كليساسى وبر حاوره‌سى واردر. بر تپه‌نك اوزرنده
بولنان قلعه‌درونى ايله قلعه‌نك آلتنده‌كى محلاتدن ونهرك
صاغ طرفنده‌كى قسمدن مركب اوله‌بنى حالده، اهاليسنك
اوچ ربعى كرد وقصورى ترك وعرب وسائره‌در.
٧٦٠ اسرائيلى و ٤٦٠ كلدانى دخى واردر. بر
قاچ كاروان يولنك محل اجتماعنده واقع اولديله،
اينك تجارتى و مياه جاريه‌سى چوق اولديه،
اطرافنده باغ وباغچه‌لرى وپورتقال، ليمون، نار، خرما
وسائر ميوه‌لريله محصولاتى واردر. جوارلرنده
طوزلى صولريله مياه معدنيه‌سى و نفت چيقيغدر،
شهرده بز وقماش ياپيلوب، ٢٠ دستكاهى واردر.
بعض معمولات دباغيه و كنوبردن [illegible] دخى
ياپيلير. پورتقال چيچكندن صو چيقاريلير. هواسى
يازين خيلى صيجاق ايسه‌ده، صاغلام و لطيفدر.
شهرده پيادن دانيال و [illegible] ( ع ) ك مقاملرى
واهل بيتدن برقاچ ذاتك بعض آثار مشايخك
تربه‌لرى زيارتكاهدر. كركوك اسكى برشهراولوب،
اسم قديمى ( كركوره ) در.

وێنەی ماددەی (کەرکوك)لە کتێبـی:
شمس الدين سامي: قاموس الاعلام,,مج٥, ص٣٨٤٦.



## دەقی بەکوردی کراوی ماددەی(کەرکوك) ی کتێبی (قاموس الاعلام):

((کرکوك: دەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لەکوردستاندا و١٦٠کم لەباشووری ڕۆژهەلاتی موسڵەوە دوورە. لەنێو چەند گرد وتەپۆلکەیەکدا هەڵکەوتووە ونزیکە لەدۆڵێکی فراوان کەپێی دەگوترێ(دۆڵی الادهم). ئەم شارە کە مەڵبەندی سنجەقی شارەزوورە، (٣٠٠٠٠)سەر دانیشتوان لەخۆدەگرێ.هەروەها قەڵایەك لەشارەکەدا هەیە لەگەڵ(٣٦)مزگەوت و(٧)مەدرەسە[حوجرەی فەقێیان] و(١٥) تەکیە وخانەقا و(١٢)کاروانسەرا و(١٢٨٢)دوکان ومەغازە وفرۆشگا و(٨) گەرماو. پردێکیش لەسەر ڕووبارەکە هەیە، هەروەها قوتابخانەیەکی ڕوشدییە[ناوەندی] و(١٨)قوتابخانەی سەرەتایی و(٣) کڵێسا وپەرستگایەکی جوولەکانی لێیە. خانووەکانی شارەکە زۆربەیان دەکەونە سەر ئەو قەڵایەی کەپێکهاتووە لەگردێکی بەرز. بەڵام هەندێ خانووی تر لەلای ڕاستی ڕووبارەکە بنیاد نراون. سێ لەسەر چواری دانیشتوانی کەرکوك کوردن وئەوانیتر تورك وعەرەب وهی ترن، (٧٦٠) جوولەکە و(٤٦٠) کلدانی لەشارەکەدا هەن. وەلەبەر ئەوەی شارەکە دەکەوێتە سەر چەند ڕێگایەکی بازرگانی بۆیە بازرگانییەکی گەشاوەی هەیە. وە بەهۆی زۆری سەرچاوە ئاوییەکانی دەوروبەری باغ وباخچەی زۆرە وپرتەقاڵ ولیمۆ وهەنار وخورما وچەندین میوە

وبەروبوومی تری لێ بەرهەم دەهێنرێ. هەر لەنزیکی کەرکوك ئاوی کانزایی وخوێ ونەفتێکی زۆر هەیە. هــەروەها لــەم شــاره (٢٠) کارخانــەی دەســتی دروست کردنی کوتاڵ وکەتان هەیە. وە پێستەی خۆشکراو وکندرێش بەرهەم دەهێــنن. هەرچــەندە ئاوهــەوای شــارەکە لەهاوینــدا زۆر گەرمــە بــەلاّم تەندروستی وخۆشە.ئەم شارە مەقامی هەردوو پێغەمبەر(دانیال) و(عوزێر) لەخۆ دەگرێ، هەروەها گۆڕی چەند کەسێکی ئەهلی بەیت وهەنــدێ شــێخی مەزن لەوێ هەیە وخەڵك سەردانی ئەم شــوێنە پیرۆزانــە دەکــەن بــۆ پــیرۆز بوون[التبرك] . کەرکوك شارێکی کۆنە وناوە کۆنەکەی (کەرکورە)یە.))



**پاشکۆی ژمارە (٢)**



شهر زور { موصل ولايتنى تركيب ايدن اوچ سنجاغك برى اولوب، دجله‌نك شرقنده جهت محدبى غربه طوغرى اولمق اوزره، شمالدن جنوبه ممتد بر هلال شكلنده‌در. غرباً وشمالاً نفس موصل سنجاغيله وحدود شماليه‌سنك شرق طرفنده آز بر محلده وان ولايتيله، شرقاً حدود ايرانيه ايله وسليمانيه سنجاغيله، جنوباً بغداد ولايتيله محاط ومحدوددر. دجله حدود غربيه‌سنى تشكيل ايلديكى كبى، بوكا تابع زاب اعلا نهرى دخى حدود شماليه‌سنده آقار، و(دياله) نهرى بر آز يرده حدود جنوبيه‌سنى آيرر. زاب اسفل ايسه سليمانيه سنجاغندن كلوب، شهر زور سنجاغنى شرق شماليدن غرب جنوبى‌يه طوغرى شق ايدر. شط الاعظم ديلان ديكر بر نهر دخى سنجاغك قسم جنوبيسنده شمالدن جنوبه طوغرى آقەرق، سليمانيه سنجاغى حدودندن كلن بر چوق چايلرك صولرينى آلير. بو انهارك جمله‌سى دجله‌يه تابعدر. اراضيسى طاغلق اولوب، كرك حدود ايرانيه‌ده يعنى رواندز قضاسنده وكرك سليمانيه سنجاغنك حدودى بوينجه قره طاغ، جبل عالى، كوشك طاغى كبى بر طاقم طاغلر ممتد اولور. سنجاغك غرب جنوبى جهتنده جبل حمرين وزاب اسفل مجراسنك شمالنده قره كوشك اسميله ايكى منفرد طاغ دخى بولنوب، اورمانلرله مستوردر. هواسى معتدل وطوپراغى پك منبت ايسه‌ده، زراعتك اصول قديمه اوزره وپك ناقص بر صورتده اجراسى واهالينك قلتى قسم اعظمنك بطال و غير مزروع قالمسنى منتج اولور. مركزى كركوك شهرى اولوب، سنجاق ٦ قضا و ٨ ناحيه‌يه منقسمدر. زيرده‌كى جدولدن آكلاشلديغى اوزره، ١١٥٠ قريه و ٨٩٠٠٠ اهالى‌يى جامعدر.

| قضا | ناحيه | قرا | نفوس |
| --- | --- | --- | --- |
| كركوك | ٥ | ٣١٠ | ٣٠٠٠٠ |
| اربل | • | ٢٣٠ | ١٢٠٠٠ |
| رانيه | • | ٤٥ | ٥٠٠٠ |
| رواندز | ٣ | ٥٥ | ١٠٠٠٠ |
| صلاحيه | • | ٣٥٢ | ١٨٠٠٠ |
| كوى سنجاق | • | ١٥٨ | ١٤٠٠٠ |
| جمعاً | ٨ | ١١٥٠ | ٨٩٠٠٠ |

اهاليسنك قسم اعظمى ترك وكرد وبر مقدار عربدن مركب مسلم اولوب، بر ايكيشر بيك كلدانى ويهودى دخى واردر. باشليجه محصولاتى. بغداى، آرپه، برنج، توتون وسائره‌دن عبارت اولوب، باغلرى واشجار مثمره‌سى بالخصوص ليمون آغاجلرى دخى چوقدر. نفط قويولرى چوق اولوب، كركوك جوارنده پترول دخى چيقار. بعض قيولرك صوندن طوز اخراج اولنور. مياه معدنيه‌سى دخى چوقدر. مركز لواده بر رشديه و بتون سنجاقده برقاچ مدرسه واردر. صنايع وتجارت دخى مركره منحصر اولوب، اوراده بعض اسلحهٔ جارحه ايله كليم ويوكوپا.وقدن بعض منسوجات اعمال اولنور. حيوانات اهليه‌سى چوقجه اولوب، قيون كچى، صيغير، خركله وسائره‌دن عبارتدر. قيونلرى ترمان وعرب جنسلرينه منقسم اولدقلرى كبى، كچيلرى دخى ايكى جنس تفتيك ايله بر جنس عاديدن مركبدر. حيوانات وحشيه‌سى تورت، طوموز، آيى، صيرتلان، تيلكى، طاوشان وسائره‌دن عبارت اولوب، آرسلان، قپلان وپارس كبى حيوانات وحشيه مفقوددر. شهرزور خطه‌سى خلافت عباسيه زماننده دخى مشهور اولوب، بغداد وشام مدرسه‌لرنده

وێنەی ماددەی (شهرزور)لە کتێبــی:

شمس الدين سامي: قاموس الاعلام, مج٣، ص٢٨٨٨-٢٨٨٩.

## دەقی بەکوردی کراوی ماددەی (شهرزور) ی کتێبی (قاموس الاعلام) :

((شهرزور: یەکێکە لەو سێ سنجەقەی کە ویلایەتی موسل پێکدێنن. دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی دیجلە ولەباکوورەوە بەرەو باشوور لەشێوەی کەوانەیەك درێژ دەبێتەوە. ئەم سنجەقە لەلای باکوور ورۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ سنجەقی موسل، بەشێکی کەمی سنووری باکووری ڕۆژهەلاتیشی دەکەوێتە سەر ویلایەتی وان. لای ڕۆژهەلاتیشی سنووری ئێران وسنجەقی سلێمانییە، هەروەها لەلای باشوور تخوبی لەگەڵ ویلایەتی بەغدایە و ڕووباری دیجلەش سنووری ڕۆژئاوای پێکدەهێنێ. زابی سەروو بەباکووری سنجەقی کەرکوك تێدەپەڕێ ودەڕژێتە دیجلە...[هەروەها چەندین زێ ولقی تر بەئاقاری سنجەقەکەدا دەڕۆن تادەگەنە ڕووباری دیجلە وەك دیالە و زابی خواروو] .لەناوچەکانی سەر سنووری ئێران واتە قەزای ڕەواندز وەهەروەها لەتخوبی سلێمانی وناوچەی قەرەداغ شاخی بەرز ونزم لەشێوەی زنجیرە چیا درێژ دەبنەوە. چیای حەمرینیش لەلای باشووری ڕۆژئاوای ئەم سنجەقەیە. وەلەلای باکووری ڕێڕەوی زابی خواروو دوو دانە شاخ هەنە،ئەم شاخانە بەدارستان داپۆشراون. ئاوو هەوای ئەم سنجەقە مام ناوەندییە وخاکەکەی زۆر بەپیتە. بەلام کشتوکاڵ هەر بەپێی شێوازی کۆن وزۆر بەکەم وکوڕی بەڕێوە دەچێ،لەئەنجامی ئەمەو هەروەها بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتووان ڕووبەرێکی فراوانی زەوی وزار دانەچێنراوە، بەلام ئەم بەشەی داچێنراوە



داهاتی زۆرە. شاری کەرکوك مەڵبەندی ئەم سنجەقەیە کە بۆ (٦) قەزا و(٨) ناحیە دابەش دەبێت و(١١٥٠)گوند و(٨٩٠٠٠) سەر دانیشتووان لەخۆ دەگرێ،وەك ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| قەزا | ناحیە | گوند | ژمارەی دانیشتووان |
|---|---|---|---|
| کەرکوك | ٥ | ٣١٠ | ٣٠٠٠٠ |
| هەولێر | ٠ | ٣٣٠ | ١٢٠٠٠ |
| ڕانیە | ٠ | ٤٥ | ٥٠٠٠ |
| ڕەواندز | ٣ | ٥٥ | ١٠٠٠٠ |
| سەلاحیە (کفری) | ٠ | ٣٥٣ | ١٨٠٠٠ |
| کۆی سنجەق | ٠ | ١٥٨ | ١٤٠٠٠ |
| سەرجەم | ٨ | ١١٥٠ | ٨٩٠٠٠ |

دانیشتووانی ئەم سنجەقە زۆربەیان تورك وکوردن وڕێژەیەکی کەمیشیان عارەبن، هەموویان موسلمانن ویەك تا دوو هەزار کلدانی وجوولەکەش لەوێدا هەن. گرنگترین بەروبوومەکانی بریتییە لە گەنم وجۆ وبرنج وتووتن وهی تر. ڕەز وداری بەبەریشی زۆرە بەتایبەتی لیمۆ. هەروەها بیرە نەوتی زۆرە ولەدەوروبەری کەرکوك پترۆلیشی لێ هەڵدەقوڵێ. وە لەچەند کانێکدا خوێ دەردەهێنرێت و ئاوی کانزاییشی هەیە.لەناوەندی لیوا یەك مەکتەبی روشدییە[ناوەندی] وژمارەیەك قوتابخانەی سەرەتایی هەن. پیشەگەری وبازرگانی تەنیا لە ناوەندی سنجەقدا هەیە وکەرەستەی وەك چەکی بریندارکەر[خەنجەر وکێرد] وڕایەخ وهەندێ چنراوی خوری وپەمۆ بەرهەم

دەهێنرێ.دانیشتووان سامانی ئاژەڵییان زۆرە، کەبریتییە لە مەڕ وبزن ومانگا ووولاغ وهی تر.مەڕەکان لەڕەگەزی قەرەمانی وعارەبین. بزنەکانیش لەهەردوو رەگەزی تفتیك [مەرەز] وئاسایی تێکەڵن. گیانلەبەرە کێوییەکانیش بریتین لە: بەراز وچەقەڵ وگورگ وریوی وکەروێشك وهی تر.گیانلەبەری دڕندەی وەك شێر وپڵنگی(هێلدار وخاڵدار)ی لێ نییە. هەرێمی شارەزوور لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسیدا ناوبانگی هەبوو، وە زۆر لەشارەزوورییەکان لە مەدرەسەکانی بەغدا وشام شوێنی گرنگیان هەبوو. وە لەنێویاندا چەندین زانا و(فوقەها)ی بەتوانا بەدیار کەوتن. شەهرەزور لەبنەڕەتدا ناوی شارێکی ئەم هەرێمە بوو بەلاّم دواتر بەگشتی بۆ هەموو هەرێمەکە بەکارهاتووە، هەرچەندە شارەکە دوایی کاول بووە، بەلاّم ناوەکەی بۆ هەرێمەکە هەر ماوەتەوە. سەرەڕای ئەمەش شوێنی شارە کاول بووەکە تا ئێستا ناناسرێتەوە)).



**پاشکۆی ژمارە (٣)**




**(سنووری خوارووی کوردستانی باشوور بەپێی توێژینەوەکە)**

ئەم نەخشەیە لەلایەن توێژەر کێشراوە بەپشت بەستن بە: مرکز دراسات علم الخرائط في كلية التربية جامعة الموصل، الاطلس المتوسط، ص ٦٨.

## پاشکۆی ژمارە (٤)



**(هۆزە کوردو عارەبەکان لە عێراقدا)**

**سەرچاوە: عبدربه سکران ابراهیم الوائلي، اکراد العراق ١٨٥١- ١٩١٤**



## پاشکۆی ژمارە (٥)




**سنووری کوردستان بەپێی کتێبی:**
**(شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی)**

**پاشکۆی ژمارە (٦)**



**(نەخشەی ویلایەتی موسڵ لەکۆتایی سەردەمی عوسمانیدا)**

**سەرچـــاوە:د.ابـــراهيم خليـــل احمـــد،تاريخ الـــوطن العربـــي في العهـــد العثماني١٥١٦-١٩١٦، جامعة الموصل١٩٨٦،ص٤٥٥.**



# THE SOUTHERN BORDER OF SOUTHERN KURDISTAN IN THE NINETEENTH CENTURY

Dr.Saadi Uthman Haruti
Salahadden university-Erbil

## الحدود السفلى لكوردستان الجنوبية فى القرن التاسع عشر

**د.سعدي عثمان هروتي**
**استاذ التأريخ الحديث المساعد**
**جـامعة صــلاح الــدين – اربيــل**